گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
https://doi.org/10.26750/f4jmsr32

ڕێــكـەوتــی وەرگــرتــن: 15/05/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 04/08/2025
ڕێـكـەوتی بڵاوكردنەوە: 29/12/2025

# ڕۆڵی ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی لە پاراستنی مافەکانی بەکاربەر

## توێژینەوەیەکی شیکاری بەراوردکارییە

**دانا عبدالكريم سعيد[1] هێمن حسين حمدامين[2] عثمان صالح محمدامين[3]**

dana.saeed@univsul.edu.iq Osmansalih542@gmail.com hemn.hamadameen@soran.edu.iq

[1] بەشی یاسا، کۆلێژی یاسا، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2+3] بەشی یاسا، کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی بە ئامرازێکی سەرەکی بۆ ڕێکخستنی چالاکییە ئابورییەکان و دڵنیابون لە هاوسەنگی بازاڕ و پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکان دادەنرێت، لەو ناوەندەشدا دەسەڵاتی کارگێڕیی ئەرکی کۆنترۆڵکردنی چالاکی ئابوریی لە ڕێگەی ڕێکخستنی نرخ و کوالێتی و بونی کێبرکێ لەئەستۆ دەگرێت. بەکاربەریش وەك لایەنی لاوازی مامەڵە ئابورییەکان، پێناسە دەکرێت بەو کەسەی کە کاڵایەک یان خزمەتگوزارییەک بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە نا پیشەییەکانی بەدەستدەهێنێت، بۆیە پاراستنی ئەم لایەنە لاوازە لە مامەڵە ئابورییەکان پێویستی بە چوارچێوەیەکی یاسایی تۆکمە هەیە، بۆ بەدیهێنانی ئەمەش وڵاتان یاسا نیشتیمانییەکانیان لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و ڕێککەوتننامە هەرێمییەکان و بنەما ئاڕاستەکراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیان سەرچاوە گرتوە، لە هەرێمی کوردستان ئەوەی تێبینی دەکرێت ناکارایی ئەنجومەنی پاراستنی بەکاربەرە کە لە یاسای پاراستنی بەکاربەری عێراقی ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٠ی بەرکار لە هەرێمی کوردستان بەپێی یاسای ژمارە ٩ی ساڵی ٢٠١٠، وایکردوە یاساکە بەس نەبێت بۆ پاراستنی بەکاربەران بەهۆکاری نەبونی هاوسەنگی لەگەڵ گەشەسەندنی خێرای ئابوریدا لە هەرێم، لەبەر ڕۆشنایی ئەم ناکارابیە دەسەڵاتە کارگێڕییە ناوەندییەکان، لە ڕێگەی دانانی سیاسەتێکی گشتی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە چاودێریکردنی بازاڕەکان و سەلامەتی بەرهەمەکان، دەسەڵاتە کارگێڕییە نێوخۆییەکانیش ڕۆڵیان دەبێت لە چاودێریکردنی مەیدانی و مامەڵەکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سکاڵای بەکاربەران، ئەمەش وادەکات کاراکردنی ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی پێویستییەکی هەنوکەیی بێت بۆ پاراستنی بەکاربەران و بەرزکردنەوەی متمانە بە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەم دەسەڵاتە کارگێڕیانەش بەدەست چەندین ئالنگاریەوە دەناڵێنن، دیارترینیان نەبونی هەمەهەنگی و ڕونی لە بڕگە یاساییەکاندایە بۆ ڕێکخستنی بەرپرسیاریەتییەکانیان، ئەمەش پێویستی بەپەلە بەسەر هەرێمی کوردستاندا دەسەپێنێت بۆ کۆکردنەوەی دامەزراوە کارگێڕییە جیاوازەکان لە ژێر یەک چەتر لە ڕێگەی کارکردن بۆ چالاککردنی ئەنجومەنی پاراستنی بەکاربەران و ڕێکخستنەوە و دیاریکردنی بەرپرسیاریەتی دامەزراوە کارگێڕییەکان لە بواری پاراستنی بەکاربەراندا.

**کلیلە وشەکان**: ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی، بەکاربەر، پاراستنی بەکاربەر، دامەزراوە کارگێڕییە ناوەندییەکان، دامەزراوە کارگێڕییە نێوخۆییەکان.

# The Function of Economic Administrative Regulation in Safeguarding Consumer's Rights within the Kurdistan Region- Iraq

## A comparative analytical Study

**Dana Abdulkarim Saeed[1] Hemn Hussein Hamadamin[2] Othman Salih Mohammedamin[3]**

[1.] Department of Law, College of Law, University of Sulaymaneyah, Sulaymaneyah, Kurdistan Region, Iraq.

[2+3] Department of Law, College of Law, Political Science and Management, Soran University, Kurdistan Region, Iraq.

### Abstract:

Economic administrative regulation is regarded as the primary mechanism for overseeing economic activities, maintaining market equilibrium, and safeguarding the public interest. At this juncture, the administrative authority assumes the task of controlling economic activity through the regulation of prices, quality and the existence of competition. Meanwhile, in economic transactions, the consumer is often viewed as the vulnerable party, defined as an individual who acquires goods or services to fulfil personal, non-professional needs. Therefore, safeguarding this vulnerable group within economic transactions needs a robust legal framework, to achieve this, countries have grounded their national legislation on international treaties, regional agreements, and United Nations guidelines, in the Kurdistan Region, the inefficiency of the Consumers Protection Council is evident, despite its establishment under the Iraqi Consumers Protection Law No. 1 of 2010, which is applicable in the Kurdistan Region through Law No. 9 of 2010, this makes the law inadequate for consumers protection, due to the lack of balance with the rapid economic growth in the region, compounded by the inefficiency of central administrative authorities, by establishing a public policy, they will play a crucial role in overseeing markets and ensuring product safety, while local administrative authorities will be responsible for field monitoring and directly addressing consumer complaints, this makes the urgent need to activate economic administrative regulations in order to safeguard consumers and enhance confidence in the markets governed by the Kurdistan Regional Government. Beside that, administrative power suffers due to complicated issues, the most marked being one lack of cooperation the ambiguity in legal clauses regarding the systemization of responsibilities. these issues impose urgent action on the Kurdistan region to gather administrative institutions under one roof by working toward activating the Consumer Protection Council. Moreover, it is necessary to reorganize and clarify the responsibilities of administrative authority concerning consumer protection.

### Keywords:

Economic Administrative Regulation, Consumer, Consumers Protection, Central Administrative Authorities, Local Administrative Institutions.

**لیستی کورتکراوەکان:**

١. DGCCRF - Direction générale de la Concurrence, de la Consommation et de la Répression des fraudes

٢. KMCA - Kurdistan Medical Control Agency

٣. D.O.V – Date of visit

٤. n°- Number

٣. د.س.ن – دون سنة النشر

٤. د.ر.ط – دون رقم الطبعة

٥. ط – الطبعة

٦. ج - الجزء

## ١. پێشەکی

ئاشکرایە کە دەسەڵاتی کارگێڕیی لە چوارچێوەی چالاکییەکانیدا دو جۆر چالاکیی ئەنجامدەدات، یەکەمیان دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانە بۆ هاووڵاتیان لە ڕێگەی دامەزراندنی مرفەق گشتییەوە و ناودەبرێت بە چالاکییە ئەرێنییەکان، دوەمیان بریتییە لە چالاکییە نەرێنییەکان، کە بریتییە لە پابەندکردنی تاکەکان بە ئەنجامدانی یان ئەنجام نەدانی چالاکییەک لە ڕەفتارێکی دیاریکراودا، بە ئامانجی پاراستنی سیستمی گشتی، و ناودەبرێت بە ڕێککاری کارگێڕیی (الضبط الاداري)، چەمکی سیستمی گشتیش بە دەستێوەردانی دەوڵەت لە بوارە جیاوازەکاندا پەرەیسەندوە، بەشێوەیەک چیتر دەوڵەت وەک دەوڵەتی پاسەوان و پارێزەر سەیرناکرێت، بەڵکو جگە لەوەش دەوڵەت چوەتە ناو هاوکێشە ئابوریی و کۆمەڵایەتی و کلتورییەکانەوە، بەو مانایەی لەگەڵ فراوانبونی ئەرکەکانی دەوڵەت چەمکە یاساییەکان و چەمی سیستمی گشتیش بەهەمان شێوە پەرەدەسێنن، هەر ئەمەش هۆکار بو کە سیستمی گشتی چیتر لە چوارچێوەی ڕەگەزە کلاسیکییەکانی (ئاسایشی گشتی و تەندروستی گشتی و ئارامی و ئۆقرەی گشتی)یدا سنوردار نەبێت کە ئەمانە ئامانجەکانی دەوڵەتی پارێزەرن، بەڵام سەرهەڵدانی بیرۆکەی دەوڵەتی دەستێوەردەر(الدولة متدخلة) وایکرد سیستمی گشتی پاراستنی سیستمی گشتی ئابوریی و ژینگەیی و جوانکاری شارەکان و چەندانی دیکە لەخۆبگرێت، بەوپێیەی ڕێککاری کارگێڕیی بە پارێزەری سیستمی گشتی دادەنرێت،گەشەکردنی ڕەگەزەکانی سیستمی گشتیش کاریگەری لەسەر زیادبونی ئەرکەکانیەوە هەیە.

لەم ڕوانگەیەوە، سیستمی گشتی ئابوریی لەسەر بنەمای ئابوریی ئاڕاستەکراو دامەزراوە، واتا ئەو ڕێکارانەی دەوڵەت دەیگرێتەبەر بۆ پاراستنی ئابورییەکەی لە ڕێگەی سیاسەتی پلاندانان و دامەزراندنی یاساکان و ڕێکخستنی بازاڕەکان و دیاریکردنی نرخەکان بە بەکارهێنانی ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی، بۆیە پاراستنی هەریەکە لە بەکاربەران و بەرهەمهێنەران و پاراستنی توانای کڕین و ڕێکخستنی پەیوەندییە ئابورییەکان و ئاسایشی کۆمەڵایەتی بە ئامانجەکانی سیستمی گشتی ئابوریی دادەنرێت، بەوپێیەی بەشدارە لە دەستەبەرکردنی مافی تاکەکان و بەهێزکردن و هێنانەدی دادپەروەری لە بازاڕەکاندا، بەشێوەیەک ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی لەلایەن دەسەڵاتی کارگێڕییەوە ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی و یەکلایکەرەوە دەگێڕێت لە گەیشتن بەو ئامانجە لە ڕێگەی ڕێکخستنی بازاڕەکان و دڵنیابون لە جێبەجێکردنی یاساکان ئەو یاساکاریانەی بەکاربەر دەپارێزن لەڕێگەی پەیڕەوکردنی ئەو ئامرازانەی لەبەردەستییەتی، بە ڕەچاوکردنی زیادەڕەوی نەکردن لە کۆت و بەندکردنی ماف و ئازادی تاکەکان.

جێگەی ئاماژەیە ئەو گۆڕانکارییە سیاسیانەی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە بەسەر عێراق و هەرێمی کوردستاندا هاتن وایکرد سیستمی ئابوریی لە سۆسیالیستیەوە بۆ سەرمایەداری بگۆڕێن، سەرەڕای چاکییەکانی لەم گۆڕانکارییەوە هەستیان پێدەکرێت، چەندین لایەنی خراپیشی هەبو، وەکو کردنەوەی سنورەکان بەڕوی هاتنی کاڵا بۆ بازاڕەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، بەبێ گوێدانە کوالێتییەکەیان یان ڕادەی پەسندکردنی پێوەرە نێودەوڵەتییە پەسندکراوەکان، ئەمەش وایکرد بەکاربەر ببێتە قوربانی ئەو کرانەوەیە کە دواجار بوە هۆی پێشێلکردنی مافە سەرەتاییەکانی، هەر ئەمەش وایکرد پاراستنی بەکاربەر ببێتە جێگای بایەخی یاسادانەر و چەندین یاسا و بڕیار دەربچن بە مەبەستی ڕێکخستن و ئاسانکاری بۆ پرۆسەی کڕین و فرۆشتن و هاوردە و هەناردە، لە گرینگترین ئەو یاسایانەش یاسای پاراستنی مافی بەکاربەری عێراق بو بە

ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٠، لە هەرێمی كوردستانیش بەپێی یاسایی ژمارە ٩ی ساڵی ٢٠١٠ كاری پێدەكرێت، سەرەڕای دەرچوونی چەندین یاسایی تر وەكو یاسایی پاراستنی بەرهەمی عێراقی ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠١٠، و یاسایی كێبڕكێ و ڕێگریكردن لە قۆرخكاری عێراقی ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠١٠، و یاسایی كێبڕكێ و ڕێگریكردن لە قۆرخكاری لە هەرێمی كوردستان ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١٣، و چەندین یاسایی تر و بوونی چەندین دامەزراوەی كارگێڕی لە ئاستی ناوەندی و نێوخۆیی كە بەرپرسن لە چاودێریكردنی بازاڕ و ڕێكخستنی هاوردە و هەناردەكردن و سزادانی سەرپێچیكاران.

## ١.١. گرنگی توێژینەوە

دەكرێت گرنگی توێژینەوە لەم خاڵانەی خوارەوەدا پوخت بكرێتەوە:

١. پێشكەشكردنی دیدێكی گشتگیرانە سەبارەت بە ڕۆڵی ڕێككاری كارگێڕیی ئابوریی و كاریگەری لەسەر پاراستنی مافەكانی بەكاربەر، لەژێر ڕۆشنایی ئاڵۆزبونی بازاڕەكان و سەرهەڵدانی ئالنگاری نوێ دەربارەی سەلامەتی و كوالێتی بەرهەم و خزمەتگوزارییەكان.

٢. خستنەڕوی ڕێكخستنە یاساییەكان و ڕۆڵی ڕێككاری كارگێڕیی ئابوریی لە پاراستنی مافەكانی بەكاربەر لە هەرێمی كوردستان، بەتایبەت لەژێر ڕۆشنایی نەبونی ئەنجومەنێكی كارا بۆ بۆ پاراستنی بەكاربەر هەروەك لە یاسای فیدراڵیدا دیاریكراوە، هەروەها تیشك خستنە سەر ئەو كەلێنە یاسایی و دامەزراوەیانەیەكە كاریگەری نەرێنی لەسەر مافەكانی بەكاربەران دروستدەكەن، لەگەڵ ڕونكردنەوەی ڕادەی پێویستی و چاكسازی یاسایی كارگێڕیی بۆ بەهێزكردنی ڕۆڵی دەسەڵاتە ناوەندی و نێوخۆییەكان لە چاودێریكردنی بازاڕەكان.

٣. خستنە بەر باسی شێوازی پێشخستنی ڕێككاری كارگێڕیی ئابوریی وەك هەوڵێك بۆ هەڵسەنگاندنی كاریگەری سیاسەتی هەرێمی كوردستان لە پاراستنی مافەكانی بەكاربەران و ئەو گۆڕانكارییانەی ڕوبەڕوی هەرێمی كوردستان بونەتەوە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە، كە تیایدا بوە هۆی كردنەوەی بازاڕی هەرێمی كوردستان بەڕوی هاوردە و هەناردەی كاڵا و خزمەتگوزارییەكان بەبێ گوێدانە كوالێتی و ڕادەی پەسندكردنی تایبەتمەندییە نێودەوڵەتییەكان و دیاری كردنی نرخ بەبێ هیچ چاودێرییەك.

## ١.٢. ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی توێژینەوە بریتییە لە لێكۆڵینەوە و شیكردنەوەی ڕۆڵی ڕێككاری كارگێڕیی ئابوریی لە هەرێمی كوردستان، بە تیشك خستنە سەر چوارچێوەی یاسایی و ڕێكخراوەی دەسەڵاتی ڕێككاری كارگێڕیی ئابوریی و كاریگەرییەكانی لەسەر بازاڕەكان و پاراستنی بەكاربەران و ناساندنی چەمكەكانی ڕێككاری كارگێڕیی ئابوریی و بەكاربەر و شیكردنەوەی ئەو یاسایانەی مافی دەستوەردان بە دامەزراوە كارگێڕییە ناوەندیی و نێوخۆییەكان دەدەن بۆ ڕێكخستنی بازاڕەكان و پاراستنی كێبڕكێ و كۆنترۆڵكردنی نرخەكان، لەگەڵ تیشك خستنە سەر ئەو كێشە یاسایی و كارگێڕیانەی كە ڕێگرن لەبەردەم ئەم ڕۆڵە.

## ١.٣. كێشەی توێژینەوە

كێشەی توێژینەوەكەمان لە لایەك پەیوەندیدارە بە نەبونی یاسایەكی تۆكمە بۆ ڕێكخستن و دەستنیشانكردنی میكانزمەكان و كۆنترۆڵكردنی هەمو ئەو بابەتانەی دەبنە هۆی پاراستنی بەكاربەر لە لایەن دەسەڵاتی ڕێككاری كارگێڕیی ئابورییەوە لە چوارچێوەی یاساكارییەكانی هەرێمی كوردستان، ئەمە جگە لە بونی كەموكوڕی لە یاسا پەیوەندیدارەكان وەك یاسایی ژمارە ٩ی ساڵی ٢٠١٠ یاسایی جێبەجێكردنی یاسای پاراستنی بەكاربەری عێراقی ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٠ لە هەرێمی كوردستان، كە ئەم یاسایە ڕەنگدانەوەی ئەو پێشكەوتن و گەشەسەندن و گۆڕانكارییانە نیە كە لەم سەردەمەدا هاتونەتە كایەوە و كەلێنی گەورەی تێدایە بە تایبەتی ئەو سزایانەی بڕیاریان لێدراوە بۆ پێشێلكردنی مافەكانی بەكاربەران، جگە لەوەی دوای تێپەڕبونی سیانزە ساڵ تا ئەم كاتە ئەنجومەنی پاراستنی بەكاربەر لە هەرێمی كوردستان دانەمەزراوە، هاوكات لە لایەكی ترەوە دەكرێت كێشەی توێژینەوەكەمان ببەستینەوە بە دیاریكردنی ڕێژەی كارایی و كاریگەری میكانزمەكانی ڕێككاری كارگێڕیی ئابوریی بۆ پاراستنی بەكاربەران لە چالاكییە بازرگانییە نادادپەروەر و زیانبەخشەكان و دیاریكردنی ئەو ئاستەنگ و ئالنگاریانەی لە كاتی جێبەجێكردنی یاسا و ڕێنماییەكان ڕوبەڕوی دەبنەوە.

## ١.٤. میتۆدی توێژینەوە

لە پێناو چارەسەركردنی كێشەی توێژینەوە و سروشتی كێشەی توێژینەوە و ئامانجەكانی، میتۆدی شیكاریی بەراوردكاری دەگرینەبەر بە ئامانجی چارەسەری یاسایی و كارگێڕی پاراستنی مافەكانی بەكاربەر لە هەرێمی كوردستان، و دیاریكردنی ڕێژەی كارایی و كاریگەری ئەم چارەسەرانە و سود لێوەرگرتنیان لە چوارچێوەی یاساكارییەكانی پەیوەندیدار بە پاراستنی بەكاربەر لە هەرێمی كوردستان.

### ١.٥. پلانی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە ئامادەکراوە لە ژێر ناویشانی (ڕۆڵی ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی لە پاراستنی مافەکانی بەکاربەر لە هەرێمی کوردستان) ناوەڕۆکی توێژینەوەکەمان وای خواستوە کە لە دوای پێشەکی، توێژینەوەکە دابەش بکەین بەسەر دو بەشدا، لە بەشی یەکەمدا باسی ناساندنی چەمکی ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی و چەمکی بەکاربەر و بنچینەی یاسایی دەسەڵاتی ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی بکەین، لە بەشی دوەمیشدا باسی ڕۆڵی دامەزراوە کارگێڕییە ناوەندییەکان و نێوخۆییەکان بۆ پاراستنی بەکاربەر بکەین لە هەرێمی کوردستان.

## ٢. چوارچێوەی تیۆریی ڕێکخستنی یاسایی ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی لە پاراستنی مافەکانی بەکاربەر

لە ئەنجامی دیاردەی جیهانگیری Globalism و دورکەوتنەوە و کشانەوەی دەوڵەت لەبازاڕی ئابوریدا، گرنگی ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی سەریهەڵدا و بوە پێویستیەکی جەوهەری لە بەڕێوەبردنی چالاکییە ئابوریەکان و پاراستنی مافەکانی بەکاربەر، و لەلایەن دەسەڵاتی ڕێککاری کارگێڕیی ئابورییەوە نوێنەرایەتی دەکرێت، لەم چوارچێوەیەدا ڕۆڵی دەسەڵاتی کارگێڕیی لە چاودێریکردنی جوڵەی بازاڕ لە ڕێگەی دامەزراوە تایبەتمەندەکان و فەرمانبەرانی پەیوەندیدار بە کۆنترۆڵکردنی کوالیتیەوە تیشکی دەخرێتەسەر و بە بەرپرسیار دادەنرێت لە دانانی سیاسەتی ئابوریی بە دەرکردنی ڕێسا و بڕیاری کارگێڕیی بۆ ڕێکخستنی چالاکی ئابوریی و کۆنترۆڵکردنی پەیوەندی نێوان بەکاربەر و بەرهەمهێنەر، هەمو ئەم کارانەی دەسەڵاتی کارگێڕیش ڕەنگدانەوەی چەمکی ڕێککاری کارگێڕیی ئابورییە و بەکاربەر دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو چەمکەوە، بەڵام بە لەبەر چاوگرتنی ناڕونی چەمکەکە زۆربەی وڵاتان لە چوارچێوەی دەقە یاساکارییەکانیاندا، چەمکێکی دیاریکراو و یەکلایکەرەوەیان بۆ ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی نەخستۆتەڕو، بەڵکو تەنها ئامانجەکانی ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریيان ڕونکردوەتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەرمی و داینامیکی چەمکی سیستمی گشتیی و جیاوازییەکەی لە کات وشوێنی جیادا، ئەزمونی جەزائیریش نمونەی ئەم ڕێبازەیە، کە لە چوارچێوەی دەقە یاساکارییەکانیدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ چەمکی ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی دەربڕیوە، هەر وەک لە ماددەی ٣/هـ لە یاسای ژمارە ٠١٢/٠٨ ی پەیوەندیدار بە کێبڕکێ هاتوە کە، مەبەست لە ڕێککاری ئابوریی هەر ڕێوشوێنێکە کە لە لایەن دامەزراوەیەکی گشتییەوە دەردەچێت بە ئامانجی پێشخستن و دڵنیابون لە هاوسەنگی بازاڕ و دەستەبەرکردنی کێبڕکێ و لابردنی ئەو بەربەستانەی ڕێگری لەم هاوسەنگییە دەکەن.ماددەی ٩ی هەمان یاسا ئەم تێگەیشتنە بەهێزتر دەکات بە بڕیاردان بە "دامەزراندنی ئەنجومەنی کێبڕکێ" وەک دامەزراوەیەکی کارگێری بە سەرپەرشتی وەزیری بازرگانی، و پێسپاردنی ئەرکی جێبەجێکردنی بڕگەکانی یاساکە و دڵنیابون لە چاودێریکردنی کێبڕکێ و ڕێکخستنی بازاڕ بەپێی ڕێساکانی یاساکە. سەرەڕای ئەم هەوڵە یاسایی و ڕێکخراوەییانە چەمکی ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی لە ڕوانگەی یاساناسانەوە تا ڕادەیەکی زۆر ناڕون مایەوە، هێشتا پێناسەیەکی یەکگرتو هەمەلایەن پەرەی پێنەدراوە، هەرچەندە چەندین لێکدانەوە هەن کە هەوڵدەدەن تایبەتمەندییەکانی ڕون بکەنەوە و ئەرک و ڕەهەندەکانی لە چوارچێوەی یاسایی سەردەم شی بکەنەوە، لەم ڕوانگەیەوە پێناسەی ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی لە لای یاساناسان و یاساکان ڕوندەکەینەوە:

### ١.٢. پێناسەی ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی لە لای یاساناسان

ڕێککاری کارگێڕی ئابوریی لقێکە لە ڕێککاری کارگێڕی (الضبط الاداري)، کە ئامانجی ڕێکخستنی چالاکییە ئابورییەکان و پاراستنی مافەکانی بەکاربەران و هێنانەکایەی هاوسەنگییە لە نێوان بەرژەوەندییە گشتییەکان و بەرژەوەندییە تایبەتەکان. یاساناسان جیاوازن لە پێناسەکردن و دیاریکردنی چوارچێوەی ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی، ئەم جیاوازییەش لە لای یاساناسان دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی سیستەمی یاسایی و شێوازی کارکردنی دامەزراوە کارگێڕییەکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، وەک ئەوەی لە فەڕەنسا و عێراق و هەرێمی کوردستان دەبینرێت کە دەسەڵاتی ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی دامەزراوەیەکی کارگێڕی سەربەخۆی هەیە، سەرەڕای بونی ئەم دەسەڵاتە لە لای دامەزراوە کارگێڕییە کلاسیکییەکان، بەڵام هەمویان لە ئامانجدا کۆکن کە چاودێریکردن و ڕێکخستنی بازاڕەکان و چالاکییە ئابورییەکانن لە سنوری کارگێڕیی خۆیان. زۆربەی یاساناسانیش ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی بۆ ئاشتکردنەوەی بەرژەوەندییە دژبەیەکەکان وەک پاراستنی کێبڕکێ لە لایەک و بەرژەوەندی گشتی لە لایەکی تر دەبینن، و پێیان وایە کە دەتوانرێت شوێنپێی بکەوین بۆ پاراستنی سیستەمی گشتی ئابوریی، بەوپێیەی پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ڕێککاری ئابوریی و دیاردەی جیهانگیری هەیە، هەر ئەمەش وایکردوە توێژەران گرنگی بەم بوارە بدەن بە تایبەتی لەژێر ڕۆشنای نەبونی کۆدەنگییەک لە لای یاساناسان بۆ دامەزراندنی پێناسەیەکی یەکگرتو. چەمکی ڕێککاری ئابوریش وەک چەمکێکی مۆدێرن بنەماکانی ئازادی ئابوریی سنوردار دەکات لە ڕێگەی دانانی ڕێسای گشتی، گواستنەوەی مۆدێلی کۆنترۆڵی ئابوریی ئەمریکی بۆ ئەوروپا بە تایبەت فەڕەنسا بوە هۆی فراوانبونی بازنەی کۆنترۆڵکردنی ئابوریی و ئەم ئەرکە سپێردرا بە دامەزراوە نیشتیمانییە تایبەتمەندەکان، ئەمەش هۆکارێکی تر بو بۆ نەبونی کۆدەنگی لە لای یاساناسان(محمد،٢٠١٨، ١٢٦). بەم شێوەیە، یاساناسی فەڕەنسی JOBART لە ڕوانگەی دامەزراوەی کارگێڕیی

سەربەخۆ پێناسەی ڕێککاری ئابوری دەکات و مەودای چەمکەکە فراوان دەکات، پێیوایە کە یاسادانان و ڕێکخستن چیتر پارێزراوی دەسەڵاتی گشتی نین، بەڵکو دامەزراوەی ڕێکخستنی سەربەخۆ بونەتە ناوەندی یاسادانان لە دەوڵەتدا و پێناسەی دەکات بە فۆرمێکی نوێی یاسا و هەوڵدەدات ڕەفتاری کۆمەڵگا ئاڕاستە بکات و بەرژەوەندییە ناکۆکەکان لە بواری کێبڕکێ و بەرژەوەندی گشتی ئاشتبکاتەوە(فضيلة، ٢٠٢٢، ٢٥٢). لە لایەکیترەوە، کۆمەڵێك لە یاساناسان لە ڕوانگەی کشانەوەی دەوڵەت لە بازاڕی ئابوریدا پێناسەی دەکەن، ئەمەش ئەوەیە کە یاساناسی فەرەنسی CHEVALIR وایدەبینێت کە ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی بەو مانایەیە کە دەوڵەت هێشتا لە بازاڕی ئابوریدایە بەشێوازێکی جیا بۆ سەرپەرشتیکردنی یاریە ئابورییەکان بە دانانی ڕێسا و دەستێوەردانی هەمیشەیی بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکان، بەو مانایەی کە دەوڵەت چیتر دەستێوەردەر نییە، بەڵکو ناوبژیوانی یارییە ئابورییەکانە(فضيلة،سەرچاوەی پێشو،٢٥٤). لە هەرێمی کوردستان هاوشێوەی فەرەنسا دەسەڵاتی ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی سەربەخۆ دەبینرێت سەرەڕای بونی ئەم دەسەڵاتە لە لای دامەزراوە کارگێڕییە کلاسیکییەکان کە ئامانجیان ڕێکخستنی چالاکییە ئابورییەکان و پاراستنی سیستمی گشتی ئابوریی و پاراستنی بەکاربەرانە، وەکو ئەنجومەنی پاراستنی کێبڕکێ و ڕێگریکردن لە قۆرخکاری بەپێی یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای کێبڕکێ و ڕێگریکردن لە قۆرخکاری لە هەرێمی کوردستان.بەگەڕانەوە بۆ پێناسەی ڕێککاری کارگێڕیی ئابورییش لە لای یاساناسانی هەرێمی کوردستان هیچ پێناسەیەکی گشتگیر بۆ ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی بەرچاو ناکەوێت، بەڵکو ئەوەی دەبینرێت پێناسەیە بۆ ڕێککاری کارگێڕیی لە چوارچێوەی ڕەگەزە کلاسیکییەکانی سیستەمی گشتیی، وەك چۆن هەندێک پێناسەی ڕێککاری کارگێڕیی دەکەن بە دەستێوردانی دەسەڵاتی کارگێڕیی بۆ چالاکی تاکەکان بەو چەشنەی کە ژیانی کۆمەڵگا دەیخوازێت(حمەکریم و سعید، ٢٠١٦، ١١٨). بەمشێوەیە لە بۆچونی یاساناسانەوە تێدەگەین کە ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی ئامرازێکە دەوڵەت بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگی لە نێوان ئازادی بازاڕی ئابوریی و بەرژەوەندی گشتی بەکاریدەهێنێت، و پێویستییەکی ڕێکخراوەییە بۆ پاراستنی ئابوریی و کۆمەڵگا و پاراستنی بەکاربەران، چ لە لایەن دەسەڵاتی کارگێڕی سەربەخۆ بێت یان دەسەڵاتە کارگێڕییە کلاسیکییەکانەوە بێت.

**٢.٢. پێناسەی ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی لە یاسای نێوخۆیدا**

یاسادانەر بۆ پێناسەکردنی ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی ڕۆڵێکی سنورداری هەیە، واتە ئەوەی دەبینرێت تەنها چەند هەوڵێکە بۆ ڕونکردنەوەی هەندێک زاراوەی تایبەت لە هەندێک دەقی یاساکاندا، ئەم هەوڵانەش سەرەتا لە یاسادانەری فەرەنسیەوە دەستپێدەکات کە چەندین دەقی یاسای دەبینرێت بە ئامانجی پاراستنی سیستەمی گشتی ئابوریی و پاراستنی بەکاربەران و ئاماژەدان بۆ ڕۆڵی دەسەڵاتی ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی، وەک ئەوەی لە یاسای شارەوانییەکاندا هاتوە کە پۆلیسی شارەوانی بەرپرسیارە لە پاراستنی تەندروستی گشتی (loi municipal,1884,Art97)هەروەها یاسای بەکاربەری ساڵی ٢٠١٦ گرنگیەکی زۆری بە پاراستنی بەکاربەر داوە لە ڕێگەی دەسەڵاتی کارگێڕیەوە، هەروەک لە ماددەی ٣-٥١١ هاتوە کە فەرمانبەرانی کارگێڕی بەرپرسیارن لە پاراستنی بەکاربەر و ڕێگری لە ساختەکاری و کارە نایاساییەکان کە زیان بە بەکاربەر دەگەیەنن (Cod de la consummation,2016,Art L.511-3)، بەهەمان شێوە، لە هەرێمی کوردستان یاسادانەر ڕۆڵێکی سنورداری هەیە بۆ پێناسەکردنی ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی ئەوەی دەبینرێت تەنها چەند هەوڵێکە بۆ ڕونکردنەوەی هەندێک زاراوەی تایبەت لە هەندێک دەقی یاساکاندا، بەم شێوەیە لە هەرێمی کوردستانە هیچ دەقێکی یاسایی نابینرێت پێناسەی ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی بکات، بەڵام لە دەقی یاساکاندا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە زاراوەی جیاواز دەکرێت کە گوزارشتن بۆ ئەرکی ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی، بۆنمونە یاسایی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠١٠، لە ماددەی سێیەم / بڕگەی دووەمدا هاتوە کە یەکێک لە ئەرکەکانی وەزارەت بریتییە لە ڕێگادانان بۆ زامنکردنی چاودێری مافەکانی بەکاربەر و ئامادەکردنی یاسای پێویست بۆ پاراستنیان بە هاودەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ چاودێری کردنی نرخ لە بازاڕە ناوخۆییەکاندا و ڕێکخستنی کێبڕکێ و ڕێگریکردن لە قۆرخکاری و خراپەکاری لە کاری بازرگانیدا، لە ڕێگەی دەزگا کارگێڕیەکانەوە وەکو فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتیە بازرگانیەکان لە هەرێمدا، هەروەها یاسایی کێبڕکێ و ڕێگریکردن لە قۆرخکاری ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١٣، لە ماددەی چوارەم ئاماژە بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنێک دەکات لەناو وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بە سەرۆکایەتی بریکاری وەزیر بۆ کاروباری بازرگانی و ئەندامیەتی چەندین وەزارەت و ئەندامیەتی ئەنجومەنی پاراستنی بەکاربەران و نوێنەرایەتی ژورە بازرگانی و پیشەسازییەکان و نوێنەری سەندیکا جیاوازەکان وەکو سەندیکای ژمێریاران و وردبینیکاران، بە ئامانجی ئامادەکردنی زانیاری تەواو بۆ چالاکییە ئابورییەکان و ڕێگریکردن لە قۆرخکاری و گرتنە بەری ڕێککاری گونجاو دەربارەیان بەپێی یاسا، هەروەها ڕێککارە کارگێڕییەکان بۆ پاراستنی تەندروستی بەکاربەران بە گوێرەی یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠٧، کە ئامانجی دەستەبەرکردنی مافە سەرەتاییەکانی بەکاربەرانە، لە وانەش پاراستنیانە لە کارە نایاساییەکان کە زیان بە بەرژەوەندییە

تەندروستی و ئابورییەکانیان دەگەیەنن، وەکو سەلامەتی بەرهەمە پزیشکییەکان و مافی بەکاربەر بۆ دەستڕاگەیشتن بەو زانیاریانەی کە پێویستن بۆ بڕیاردانی ئاگەدارانە. بەم شێوەیە، ڕێککاری ئابوریی پێویستی خۆی بۆ پاراستنی بەکاربەران لە کەرتی تەندروستیدا دوپاتدەکاتەوە، کە بێگومان هەمو ئەمانەش کە لە دەقەکانی یاسا جیاوازەکانی فەرەنسا و هەرێمی کوردستان دەبینرێت ئاماژەن بۆ دەسەڵاتی ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کە ئەرکی کۆنترۆڵکردنی چالاکیی بازرگانی و ئابوریی و تەندروستییەکان و ڕێکخستنی بازاڕەکان دەگرنە ئەستۆ بەو شێوازەی لە یاساکاندا هاتوە، بەبێ ئەوەی ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ دەسەڵاتی ڕیککاری کارگێڕیی ئابوریی بکەن، بەڵکو بە شیکردنەوەی زاراوەکان و ئامانجەکان ئەرکەکانی ئەم دەسەڵاتە دیاریدەکەن بۆ ڕێکخستنی چالاکییە ئابورییەکان و پاراستنی مافەکانی بەکاربەر. دوای تێگەیشتن لەوەی سەرەوە دەتوانرێت بە شێوەیەکی گشتی ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی پێناسە بکرێت بە هەمو ئەو ڕێوشوێنانەی دەسەڵاتی کارگێڕیی کە ئامانجیان پاراستنی بەکاربەران و بەرزکردنەوەی کێبڕکێی بازاڕە بە بەکارهێنانی ئامرازە یاساییەکان و سەرچاوە ماددی و مرۆییەکان، لە ئەنجامدا هەڵبژاردنی باشتر بۆ بەکاربەران بە نرخێکی باشتر دابیندەکات.

بۆزیاتر تێگەشتن لە چەمکی ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی؛ پێویستە خودی چەمکی سیستەمی گشتیی ڕونبکەینەوە، بەو پێیەی بیرۆکەی سیستەمی گشتیی مەودای ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی دەستنیشان دەکات، بەو مانایەی دەسەڵاتدارانی ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی ناتوانن ئەم چالاکیە ئەنجام بدەن تەنها لە کاتی ڕێگریکردن نەبێت لەو پشێویانەی کە هەڕەشە لە سیستەمی گشتیی ئابوریی دەکەن، کەواتە سیستەمی گشتی کۆمەڵێک بەرژەوەندی باڵا و هاوبەشە بۆ کۆمەڵگە لە کاتێکی دیاریکراودا کە هەموان لەسەر پێویستیەکەی و سەلامەتیەکەی کۆکن(الجبوري،د.س.ن،١٥٨)، بەڵام دیدگا و تێڕوانینی یاساناسان لەسەر چەمکی سیستەمی گشتی جیاوازە بەوەی تا چەند ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت، ئەم بۆچونانە دەتوانرێت لە سێ تێڕوانینی سەرەکیدا کورت بکرێتەوە:

کۆمەڵێک لە یاساناسان دیدگای بەرتەسکیان هەیە و پێیان وایە کە سیستەمی گشتی سنوردارە بە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری ماددی لە کۆمەڵگەدا، و لە دەستوەردان لە بەها و باوەڕە کەسییەکان تێناپەڕێت، لە لایەکی ترەوە کۆمەڵێک لە یاساناسان دیدگایەکی نێوەندیان هەیە بۆ سیستەمی گشتی و دیدگایان فراوان دەبێت بۆئەوەی لایەنی ئەخلاقی و لایەنی ماددیش بگرێتەوە، و پێیان وایە ئاسایش و ئەخلاقی گشتی پایەیەکی بنەڕەتی سیستەمی گشتین، بەڵام تێڕوانینی سێیەم لە زانایان دیدگای هەمەلایەنەیە، ئەم دیدگایە سیستەمی گشتی بە چەمکێکی فراوان دەزانێت کە هەمو ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لە خۆ دەگرێت، بەلایەنی ماددی و ئەخلاقی و ئابورییەوە، ئەم بۆچونەی کۆتایی جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان لایەنە جیاوازەکانی ژیان دەکاتەوە، هەروەها سیستەمی گشتی وەک چوارچێوەیەکی هەمەلایەنە بۆ پاراستنی هاوسەنگی و سەقامگیری کۆمەڵگە دەبینێت(الحسيني،٢٠١٧، ٢٦٠-٢٦١). بەم شێوەیە، ڕەگەزەکانی سیستەمی گشتیش بەدەستێوەردانی دەوڵەت لە بوارە جیاوازەکانی ژیان پەرەیسەند، چیتر دەوڵەت لەچوارچێوەی دەوڵەتی پارێزەر سنوردار نەبو، بەڵکو دەوڵەت چوە ناو هاوکێشە ئابوریی و کۆمەڵایەتی و کلتورییەکانەوە، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی ئەرکەکانی دەوڵەت فراوان ببێت و چیتر چەمکی سیستەمی گشتی سنوردار نەبێت بە ئاسایشی گشتی و تەندروستی گشتی و ئارامی و ئۆقرەیی گشتی، هەرچەندە پارێزگاریکردن لە ڕەگەزە کلاسیکییەکانی سیستەمی گشتی ئەرکی دەوڵەتی پارێزگارە، بەڵام بە دەرکەوتنی چەمکی دەوڵەتی دەستێوەردەر ڕەگەزەکانی سیستەمی گشتیش فراوان بون و سیستەمی گشتی ئاکاریی (اخلاقي) وەك (ئادابی گشتی، کەرامەتی مرۆڤ، سیستەمی گشتی ئایینی)، و بەرجەستەیی (ماددي) وەك (ژینگە، جوانکاری شاریی، سیستەمی گشتی ئابوریی) لەخۆ دەگرێت، لەم ناوەندەشدا سیستەمی گشتی ئابوریی وەک یەکێک لە ڕەگەزە سەردەمیەکان، پایەیەکی بنەڕەتی سیستەمی گشتی پێکدەهێنێت(شريف، حمد،٢٠٢١، ٦٢٥)، کە پەیوەندیدارن بە کۆمەڵێک ئامانج، پەیوەندیان بە تێرکردنی پێداویستییە سەرەتاکانی بەکاربەرانەوە هەیە، نەبونی ئەم ئامانجانە ڕەنگە ببێتە هۆی تێکچون و کاریگەریەکانیشی هیچی کەمتر نەبێت لە تێکچونی ڕەگەزە کلاسیکییەکانی سیستەمی گشتی، نمونەش لە ئامرازەکانی ئەم سیستەمە بریتین لە نرخی زۆرەملێ، ڕێکخستنی هاوردە و هەناردە، دابینکردنی خۆراکی پێویست. بۆیە پێویستی دانانان بە سیستەمی گشتی ئابوریی وەک ڕەگەزێکی سیستەمی گشتی پێویستی بە دەزگاکانی کارگێڕیی هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی نرخەکان و ڕێگریکردن لە قۆرخکاری بە ئامانجی پاراستنی مافەکانی بەکاربەران و پارێزگاریکردن لە توانای کڕین(شريف، حمد،سەرچاوەی پێشو،٨٤٠). ئەمەش بوە هۆی سەرهەڵدانی چەمکێکی نوێ، کە ناسراوە بە ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی، سەرهەڵدانی ئەو چەمکە پەیوەندیەکی نزیکی بە گۆڕانکاریەکانی سیستەمی ئابوریی جیهانی و کشانەوەی بەشەکی دەوڵەت لە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی ئابورییەوە هەبو، وایکرد پێویستی بە میکانیزمی نوێی ڕێکخستن هەبێت و تواناداربێت بۆ بەدەستهێنانی هاوسەنگی لەنێوان پێویستی دەستێوەردانی دەوڵەت لە بواری ئابوریدا، لەم ڕوانگەیەوە پێویستی پاراستنی بازاڕەکان بوە هۆی سەرهەڵدانی دامەزراوەی ڕێکخستنی کارگێڕیی بە ئامانجی پێشخستنی کارای ئابوریی و پاراستنی بەکاربەر و دڵنیا بون لە کێبڕکێی دادپەروەرانە (يحي، حسين، ٢٠١٨، ١٠). دادوەرێتی کارگێڕی

له فەرەنسا ڕۆڵێکی گرنگی لە فراوانکردنی ڕەگەزەکانی سیستمی گشتی هەبو، بەو پێیەی دانی بە مافی دەزگاکانی دەسەڵاتی ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی ناوە بۆ دەستێوەردان و پاراستنی ڕەگەزە نوێیەکانی سیستمی گشتی لە ناویشیاندا سیستمی گشتی ئابوریی، ئەمەش لە دۆسیەی Bessan لە ١٩٤٥/٢/١٤ دەبینرێت، کە تیایدا بڕیاریدا بە یاساییبونی ماددەی ٩٧ لە یاسایی کارگێڕی خۆجێی فەرەنسی کە ڕێگە بە دەسەڵاتدارانی کارگێڕی دەدات بە بەکارهێنانی ئامرازە یاساییەکان بۆ دانانی سنورێک بۆ ئازادییە بازرگانی و پیشەسازییەکان بە هۆکارێک کە هەڕەشە لە سیستمی گشتی ئابوریی دەکەن(الجبوري،٢٠٢٤، ١٣٩). لەسەر ئەو بنەمایەش، دەردەکەوێت کە چەمکی ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی دو لایەن لەخۆدەگرێت، ئەوانیش لایەنی بابەتیی (الموضوعي) و لایەنی شێوەییە (الشكلي)، کە یەکەمیان پەیوەندی بەو ئامرازانەوە هەیە کە دەسەڵاتە کارگێڕیەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بەکاریان دەهێنن، وەك ئەو پەیڕەو و بڕیار و فەرمانانەی دەریدەکەن بۆ دەستەبەرکردن و پاراستنی سیستمی گشتی ئابوریی و ڕێکخستنی چالاکییە ئابورییەکان، بەڵام دوەمیان پەیوەندیان بە سروشتی ئەو دامەزراوانەوە هەیە کە ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی بەڕێوەدەبەن، جا دەسەڵاتی کارگێڕی ناوەندی بن لەسەر ئاستی دەوڵەت یان خۆجێی بن لەسەر ئاستی هەرێم(جاسم،٢٠٢٣، ٤٨).

لەکۆتاییدا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی ئەرکێکی بنەڕەتی دەوڵەتە کە لە کۆمەڵە دەسەڵاتێکدا بەرجەستە بوە و دراوە بە دەسەڵاتی کارگێڕیی بۆ ڕێکخستنی کاروباری گشتی و پاراستنی سیستمی گشتی ئابوریی، بەئامانجی بەدیهێنانی ئاشتەوایی لەنێوان پرەنسیپی ئازادی تاک و بنەمای پاراستنی بەرژەوەندیە هاوبەشەکان لە کۆمەڵگە، بێگومان ئەم ئەرکەی دەسەڵاتی کارگێڕی لەپاراستنی سیستمی گشتی ئابوریی لەڕێگەی ڕێککاری کارگێڕیی ئابورییەوە ناکۆک نیە لەگەڵ ماف و ئازادییە سەرەتاییەکانی تاکەکان، بەڵکو بەژدارە لە پاراستنیان، دەبێت ئازادی تاکەکان لە چوارچێوەیەکی یاسایی جێبەجێبکرێن کە ڕێز لە مافەکانی ئەوانی تر بگرێت و بەردەوامیەکەی ژیانی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی ئاسایی مسۆگەر بکات، بۆنمونە یاساکانی هاتوچۆ گرەنتی ئازادی جوڵەی سەلامەت بۆ هەمو ئەندامانی کۆمەڵگە دەکەن، یاساکانی تەندروستی گشتی کۆمەڵگە لە مەترسییە تەندروستیەکان دەپارێزن، یاسا ئابورییەکان گرەنتی ڕێگریکردن لە قۆرخکاری نرخ و هاتنی کاڵای خراپ دەکەن و هاوسەنگی لە نێوان ئازادی بازاڕ و پاراستنی بەکاربەردا دێننەدی، بۆیە هەمو ڕێوشوێنەکانی ڕێککاری کارگێڕیی ئابوری ئامانجیان بەدەستهێنانی هاوسەنگیە لەنێوان ئازادیەکانی تاک و بەرژەوەندی گشتی.

**٢.٣. ناساندنی چەمکی بەکاربەر و بنەمای یاسایی دەسەڵاتی ڕێککاری کارگێڕی ئابوریی لە پاراستنی بەکاربەر**

بیرۆکەی پاراستنی مافەکانی بەکاربەر مێژویەکی دوری هەیە، بەڵام پێناسەیەکی یاسایی ڕون و یەکسان بۆ چەمکی بەکاربەر لە لای یاساناسان و دادگا و یاساکانەوە بەدیناکرێت، هەرچەندە گرنگی پاراستنی بەکاربەر لەگەڵ پەرەسەندنی ژیانی کۆمەڵایەتی و بەرزبونەوەی ئاستی ژیان زیاتربوە، بەوپێیەی پێشکەوتن لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و زیادبونی بەکاربردن؛ بەکاربەرانی بەرکەوتەی زیانی جۆراوجۆر کردوە، ئەمەش وایکرد زۆربەی یاساکان لە ناوخۆی دەوڵەتان ئەم پاراستنە لە خۆبگرن پاڵپشت بەو پاراستنە نێودەوڵەتییەی دامەزراوە بۆ پاراستنی مافەکانی بەکاربەر بە تایبەت دوای بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان ژمارە ٣٤٨/٣٩ لە ٩ی نیسانی ١٩٨٥، کە وەکو ڕێنماییەک بۆ پاراستنی مافەکانی بەکاربەر کاردەکەن و پێویستە هەمو وڵاتان وەک بنەمایەک بۆ پەرەپێدانی سیاسەتە یاساییەکانیان بۆ پاراستنی بەکاربەران وەریان بگرن. لەم ڕوانگەیەوە، پێناسەی چەمکی بەکاربەر لە لای یاساناسان و دادگا و یاسا نێوخۆییەکان و بنچینەی یاسایی دەسەڵاتی ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی بۆ پاراستنی مافەکانی بەکاربەران دەخەینە بەر باس:

**٢.٣.١. پێناسەی چەمکی بەکاربەر لە ڕوانگەی یاساناسان و دادگا**

چەمکی پاراستنی مافەکانی بەکاربەر جیاوازە لە چەمکی بەکاربەر، بەشێوەیەک یەکەمیان ڕێککەوتن هەیە لە نێوان یاساناسان و بڕیارە دادوەرییەکان کە ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک ڕێوشوێن و هەوڵی ڕێکخراو و بەردەوام، کە بەکاربەران بە هاوکاری دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەت ئەنجامی دەدەن، بە ئامانجی پاراستنی مافەکانیان و بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانیان لە بەرامبەر دامەزراوە بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵییەکان کە کاڵا و خزمەتگوزارییەکان پێشکەش دەکەن(علي،٢٠٢٤، ٢٢٤)، بە سەرنجدان لەم پێناسانە تێدەگەین کە چەمکی پاراستنی بەکاربەر ئامانجی گەڕاندنەوەی هاوسەنگییە لە نێوان لایەنەکانی بازاڕدا، کە تیایدا بەکاربەر بە لایەنی لاواز دادەنرێت، مەرج نییە ئەم پاراستنە دژی شتێکی دیاریکراو یان کەسێکی دیاریکراو بێت، بەڵکو ئامانجی بەدەستهێنانی هاوسەنگییە لە کۆمەڵگادا، ئەم هەوڵانەش بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی بەکاربەر خۆیەتی پاشان درێژدەبێتەوە بۆ لایەنەکانیتر، وەکو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و تا دەگاتە دامەزراوە حکومییەکان بە دامەزراوە کارگێڕییە جۆراوجۆرەکانیەوە، بەپێچەوانەوە ڕێککەوتن لە لای یاساناسان و بڕیارە دادوەرییەکان دەربارەی چەمکی بەکاربەر بەدیناکرێت، بەوپێیەی سەرچاوەی ئەم چەمکە لە لای یاساناسان دەگەڕێتەوە بۆ زانستی ئابوریی، بەڵام پێناسەی چەمکی بەکاربەر

لە زانستی ئابوری و یاساییدا بە شێوەیەکی جیاواز پێناسە دەکرێن، بەشێوەیەك، لە ڕوانگەی ئابورییەوە؛ بەکاربەر وەک توخمێکی سەرەکی پرۆسەی بەکاربردن دادەنرێت و ئابورىناسان چاویان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر و شێوازەکانی کڕین هەیە، بەوەی تا چ ڕادەیەک ئەم ڕەفتارانە کاریگەرییان لەسەر خستنەڕو و خواست (العرض و الطلب)لە بازاڕدا دەبێت، بەڵام چەمکی یاسایی بەکاربەر گرنگی بە پاراستنی مافەکانی بەکاربەر دەدات لە ڕێگەی دەقە جیاوازەکانی یاساکانەوە بە ئامانجی پاراستنی لە چالاکییە بازرگانییە زیانبەخشەکان و هەر چالاکییەکی بازرگانی کە پێچەوانەی دەقێکی یاسایی بێت کە ئامانجی پاراستنی مافەکانی بەکاربەرە، وەکو پاراستنی بەکاربەر لە پێشکەشکردنی زانیاری ناڕاست سەبارەت بە بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان، دانانی زانیاری ناڕاست لەسەر پاکەت و بەرهەمەکان، ڕەتکردنەوە و گەڕانەوەی کاڵا و هتد......

( Hayes, https://www.investopedia.com/Defin) هەرچەندە چەمکی بەکاربەر بەشێوەیەکی بەربڵاو بەکاردەهێنرێت، بەڵام یاساناسان بۆ پێناسەکردنی چەمکی بەکاربەر دابەشبون بەسەر دو ئاڕاستەدا، ئاڕاستەیەکیان پێناسەی بەرتەسک بۆ چەمکی بەکاربەر لە خۆدەگرێت، لەبەرامبەردا ئاڕاستەکەی دیکەیان پێناسەی فراوان بۆ چەمکی بەکاربەر دەکات. ئاڕاستەی بەرتەسک ئاڕاستەی باڵا دەستە و پشت بە مانای مەبەستداری بەکاربردن دەبەستێت، بەو پێیەی وەک تاک لە بەکاربەر دەڕوانێت کە کاڵا یان خزمەتگوزاری بەدەستدەهێنێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی خۆی یان خێزانەکەی، جا ئەو پێداویستیە پەیوەندی بە کەلوپەلی گوازراوە یان نەگوازراوە هەبێت، بەبێ ئەوەی ئەم بەدەستهێنانە هیچ ئامانجێکی پیشەی هەبێت، یان لە لایەن کەسێکی سروشتی یان مەعنەویی بێت(یعقوب،٢٠٢٠، ١٤).

لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵێك لە یاساناسان بەرەو فراوانکردنی چەمکی بەکاربەر دەڕۆن بە دیاریکردنی هەر کەسێک کە دەچێتە ناو کردەوەیەکی یاساییەوە بە ئامانجی بەکارهێنانی کاڵایەک یان خزمەتگوزاریەك، بۆ مەبەستی کەسیی یان پیشەی خۆی، ئامانجی ئەم ئاڕاستەیە بریتییە لە درێژکردنەوەی مەودای پاراستنی یاسایی بۆ ئەو بەکاربەرانەی کە مامەڵەی یاسایی لە دەرەوەی بازنەی پسپۆرییەکەی ئەنجامدەدات، بەڵام خزمەت بە پیشەکەی دەکات، وەک پزیشکێک کە ئامێرە پزیشکیەکان دەکڕێت بۆ کلینیکەکەی(احمد،٢٠٠٨،٧)، لە بەرامبەردا بەشێک لە یاساناسانی فەڕەنسی پێیان وایە بۆ ئەوەی کەسێک بە بەکاربەر ناوببرێت مەرج نییە کە کارەکەی بکەوێتە دەرەوەی پسپۆرییەکەی، بەڵکو دەبێت پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان بەکاربەر و چالاکییەکەی ئەنجامی دەدات هەبێت، و پێناسەی دەکەن بە هەرکەسێک کە مامەڵەیەکی یاسایی ئەنجامبدات بە مەبەستی بەکارهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییەک بۆ مەبەستی پڕکردنەوەی پێداویستی کەسی یان خێزانی یان پیشەکەی(لطفي،١٩٩٤، ٩). بۆیە بەگوێرەی لایەنگرانی ئەم ئاڕاستەیە؛ مەودای یاسایی پاراستن درێژدەبێتەوە بۆ گەورەترین توێژی خەڵك، و تەنانەت نێوان کەسانی یاسایی و نێوان دابینکەرانیش دەگرێتەوە، بە مەرجێک مەبەست لەو کڕینە دوبارە فرۆشتنەوە و قازانج نەبێت، سەرەڕای ئەم دو ئاراستەیە، ئاڕاستەی سێیەمیش هاتەئاراوە کە پێیان وایە چەمکی بەکاربەر چەمکێکی نەرم و نیانە و ڕەنگە لە جێبەجێکردندا چەندین کێشە و ئالنگاری لێبکەوێتەوە، بۆیە واباشترە پاراستنی بەکاربەر بە بیرۆکەی پاراستنی لایەنی لاواز (الفکرة حمایة الطرف الضعیف) وەربگیردرێت، بەڵام ئەم ئاڕاستەیەش کێشەگەلێک دەوروژێنێت لە ڕوی یاسایی و کردارییەوە هیچی کەمتر نییە لە ئاڵۆزی ئاڕاستەکانی پێش خۆی چونکە دیاریکردنی لایەنی لاواز پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە لە هەمو بوارەکاندا(مامەڵەکانی بەکاربەر) کە بێگومان ئەمەش کارێکی ئاسان نییە(وسمان،٢٠٢٠، ٢٤).

ئەم جیاوازی و ڕاجیاییەی یاساناسان بۆ چەمکی بەکاربەر هەر لای یاساناسان نەمایەوە بەڵکو درێژ بۆوە بۆ لای دەسەڵاتی دادوەرێتیش، بەوپێیەی بڕیارە دادوەرییەکانیش ئاڕاستەیەکی جێگیریان بۆ پێناسەکردنی چەمکی بەکاربەر بەخۆوە نەدییەوە، بەشێوەیەک بوە هۆی جیاوازی هەڵوێستی دەسەڵاتی دادوەرێتی لە بڕیارێکەوە بۆ بڕیارێکیتر، بۆنمونە دادگای پێداچونەوەی فەڕەنسی (Cour de cassation) (محکمة النقض) و دادگای تێهەڵچونەوەی فەڕەنسی (Cour de appel) لە کۆمەڵێک لە بڕیارەکانیاندا مەیلیان بۆ وەرگرتنی چەمکی بەرتەسک هەیە بۆ بەکاربەر و سنوردارکردنی بە کەسی سروشتی و دورخستنەوەی کەسی واتایی (معنوی) و پیشەیی لەو پاراستنە، ئەوەبو هەردوک دادگە لە دو بڕیاری جیادا بە ژمارە ٩٧-٢٠-٥٦١ (Cour de cassation) لە ٢٠٠٠/٣/١٤(Cour de cassation chambre commerciale,2000)وە ژمارە ١٧-٠٢٥٧٥( Cour de appel) لە ٢٠١٨/٩/٩ (Cour d'appel de Versailles,2018)، پێناسەی چەمکی بەکاربەر دەکەن بە هەرکەسێکی سروشتی بۆ مەبەستێک کاربکات نەچێتە چوارچێوەی چالاکیی بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵییەوە، بەو مانایەی پاراستنی یاسای کەسانی پیشەیی و واتایی (معنوی) ناگرێتەوە، هەروەها جارێکی تر بڕیارەکانیان کورتدەکەنەوە لەسەر کەسی سروشتی و کەسی واتایی دوردەخەنەوە(محمدامین،٢٠٢٤، ٢٥٧٢)، ئەوەبو لە بڕیارێکی تردا دادگای پێداچونەوە (Cour de cassation) بە ژمارە ٠٨-١١-٢٣١،لە ٢٠٠٩/٤/٢ لە دۆسیەی کۆمپانیای Dimension Data بڕیاریدا کە Dimension Data قەوارەیەکی یاساییە و لەو پاراستنە دورخرایەوە کە لە یاسای بەکاربەردا هاتوە، هەتا ئەگەر دامەزراوەکە هەوڵی بەدەستهێنانی قازانج نەدات لەو گرێبەستانەی

دەکەونە چوارچێوەی تایبەتمەندی خۆیەوە، بەم شێوەیە دەسەڵاتی دادوەرێتیی لە فەرەنسا پاراستن سنوردار دەکات بۆ کەسی ئاسایی تەنها لەبەر ئەوەی لایەنی لاوازە و ئەزمونی نییە و وادەکات بە ئاسانی بکەوێتە ژێر داوی فرۆشیارانی پیشەییەوە و هەمو پیشەگەرەکانی لە پاراستن دورخستەوە(حفري،٢٠٢٤، ١٠٨٤).

بەپێچەوانەوە دەسەڵاتی دادوەرێتیی لە فەرەنسا تەنیا لەسەر چەمکی بەرتەسکی بەکاربەر نەوەستا، بەڵکو لە زۆر بواردا چەمکی بەرفراوانی وەرگرتوە، ئەوەبو دادگای تێهەڵچونەوە سەبارەت بە یەکێک لەو تانانەی خرابوە بەردەمی بە ژمارە ١٦٢ لە ٥/٢٥ /١٩٩٢چەمکی بەکاربەری درێژکردەوە بۆ بەکاربەری پیشەی کە گرێبەستێک ئەنجامدەدات لە دەرەوەی پسپۆرییەکەی خۆی، کاتێک بڕیاریدا کە ئەو گرێبەستەی بازرگانەکە ئەنجامیداوە بۆ کڕین و دانانی زەنگی ئاگەدارکردنەوە بۆ شوێنکارەکەی، لە ئەگەری بونی هەر سەرپێچییەک لە بەندەکانی گرێبەستەکە بازرگانەکە سودمەند دەبێت لەو پاراستنەی لە یاسای پاراستنی بەکاربەردا هاتوە وەک هەر بەکاربەرێکی تر، هەرچەندە لە بازرگانەکە کەسێکی پیشەیی بوە بەڵام پسپۆڕ نییە لە تەکنۆلۆژیای سیستەمی ئاگادارکردنەو، وەک هەر بەکاربەرێکی ئاسایی لە هەمان باری نەزانی و لاوازیدایە(حفري،سەرچاوەی پێشو،١٠٨٦).

هەروەها لە بڕیارێکیتردا بازنەی کەسی سروشتیی بۆ چەمکی بەکاربەر فراوانکرد و ئەم پاراستنەی درێژکردەوە بۆ کەسی واتایی هەرکاتێک گرێبەستێک ئەنجامدەدات لە دەرەوەی تایبەتمەندی خۆیەتی، وەکو ئەو بڕیارەی لە ٢٠١٩/١٠/١٧ دەریکرد لە دۆسییەی کۆمپانیای (Castel et Fromaget) و تیایدا بڕیاریدا تا ئەوکاتەی کۆمپانیا گرێبەستێک ئەنجامدەدات لە دەرەوەی پسپۆڕی خۆی و پەیوەندی بە چالاکییە پیشەییەکەیەوە نییە بە بەکاربەر دادەنرێت و دەچێتە چوارچێوەی ئەو پاراستنەی یاسای بەکاربەر دایمەزراندوە( Cour de cassation, civile, Chambre civile 2019,18-18.469)، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر ناوەڕۆکی گرێبەست پەیوەندی بە پسپۆڕی گرێبەستکارەوە هەبێت گرێبەستکار بە بەکاربەر ندانانرێت و ناکەوێتە ژێر ئەو پاراستنەی لە یاسای پاراستنی بەکاربەردا هاتوە(محسن، احمد،٢٠٢٠، ١٥٤). بەپێچەوانەی دەسەڵاتی دادوەرێتی فەرەنسی دەسەڵاتی دادوەرێتی دادگای دادی ئەوروپی بە ڕاشکاوانە چەمکی فراوان بۆ بەکاربەر ڕەتدەکاتەوە، و تەنانەت هەمو ئەو ڕێنماییانەی لە لایەن یەکێتی ئەوروپاوە دەردەچن تەنها بە مانا بەرتەسکەکەی بەکاربەر دەپارێزن(شندي،٢٠١٠، ١٧٦)، بە گەڕانەوە بۆ بڕیارەکانی دەسەڵاتی دادوەرێتی لە عێراق سەبارەت بە چەمکی بەکاربەر، بڕیارێکی دادگای یاسایی تایبەتمەند بە بینینی داوا بازرگانییەکان لە بەغداد بەرچاو دەکەوێت بە ژمارە ١١١/ب/٢٠١٤ کە تیایدا ئاڕاستەی فراوانی لەخۆگرتوە بۆ پێناسەکردنی چەمکی بەکاربەر، کەسی سروشتی و واتایی خستۆتە ناو چوارچێوەی پاراستن، لەگەڵ بە پێویست دانانی بونی مەرجی بەکارهێنان بۆ مەبەستی کەسی لە لایەن کەسی گرێبەستکارەوە بۆ ئەوەی لە کەسی پیشەیی جیابکرێتەوە(الشمري،٢٠١٥، ٤١). بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لە هەرێمی کوردستاندا، هیچ بڕیارێکی دەسەڵاتی دادوەرێتی نابینرێت تیایدا پێناسەی بۆ چەمکی بەکاربەر کردبێت، سەرەڕایی بونی چەندین بڕیار بۆ سزادانی سەرپێچیکاران لە بەردەم دادگا سزاییەکان و شارستانییەکان، لە بەرامبەر پێشێلکردنی مافەکانی بەکاربەراندا، وەکو ئەو بڕیارەی دادگای کەتنی سۆران لەبەرامبەر فرۆشتنی شیرینی ماوە بەسەرچو و لێدانەوەی لەزگە و ڕێککەوتی نوێ لە کارتۆنی شیرینییەکان، لە داوای ژمارە ٢٨/ک/٢٠٢٣ لە ٢٠٢٣/٢/٦ بڕیاریدا بە سزادانی تاوانبار (م.م.ر) بەپێی ماددەی ١٠/یەکەم لە یاسایی پاراستنی بەکاربەر ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٠، بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەک بۆ پێناسەکردنی چەمکی بەکاربەر بکات. بەڵام دەتوانین لە ڕوانگەی بڕیارێکی دادگای تایبەتمەند بە بینینی داوا بازرگانییەکان لە هەولێر ئاڕاستەی فراوان بۆ چەمکی بەکاربەر بخوێنینەوە کە دادگا لە بڕیارەکەیدا بە ژمارە ٣١/بازرگانی /٢٠٢٣، لە ٢٠٢٤/١٢/٢٥دا کاتێک کە بڕیاریدا بە پابەندکردنی کۆمپانیای Isonem بە قەرەبوکردنەوەی کۆمپانیای cereic لەبەرامبەر ئەو زیانانەی پێیگەیشتوە لە ئەنجامی پێشێلکردنی بەندەکانی گرێبەستی نێوانیان سەبارەت بە کوالێتی ئەو بۆیاغەی لەسەری ڕێککەوتبون.

### ٢.٣.٢. پێناسەی چەمکی بەکاربەر لە ڕوانگەی یاسا نێوخۆییەکان

وەک لە بەشەکانی پێشتر ئاماژەمان پێکرد چەمکی بەکاربەر دو مانای هەیە، یەکەمیان ئابوریی و دوەمیان یاساییە، یاسادانەران پێچەوانەی ئابوریناسان سەرنجیان لەسەر لایەنی ماددی بەکارهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان نییە، بەڵکو زیاتر سەرنجیان لەسەر ئەوکارە یاساییانە دەبێت کە بەدەستهێنانی کاڵا و خزمەتگوارییەکان ئاسان دەکەن، بە مانایەکیتر، ئابوریناسان هەوڵی باشترکردنی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان دەدەن بۆ پڕکردنەوەی هەمو پێداویستییەکانی بەکاربەر، لە کاتێکدا یاسادانەران ئامانجیان پاراستنی تەندروستی و لایەنی ئابوریی بەکاربەرە و دڵنیایی دەدەن لە هاوسەنگی پەیوەندییە گرێبەستییەکان(زغودي،٢٠٢٤،١٢٥)، پەیوەندییەک کە زۆرجار دەوترێت بەدەست نا هاوسەنگی نێوان لایەنەکان دەناڵێنێت جا پێش ئەنجامدانی گرێبەست بێت یان لە کاتی جێبەجێکردندا بێت(شندي،سەرچاوەی پێشو،١٤٣).

بابەتی پاراستنی بەکاربەریش بوەتە جێگای بایەخی ڕێکخستنی چڕ لە زۆربەی وڵاتاندا، بەتایبەتی ئەوانەی درکیان بە گرنگییەکەی کردوە، بەڵام تێبینی دەکرێت ئەم یاسایانە لە قۆناغی سەرەتادا لە هەندێک وڵاتان پێناسەیەکی دیاری کراو بۆ چەمکی بەکاربەر ناکەن، بەڵکو بە شیکردنەوەی هەندێک زاراوە دەتوانرێت چەمکی بەکاربەر شیبکرێتەوە، سەرەڕای دو ئاڕاستەی لە دەقە یاساییەکانی هەندێک وڵاتان بۆ فراوانکردن و بەرتەسک کردنەوەی چەمکی بەکاربەر، بۆنمونە یاسادانەری فەرەنسی لە ماددەی دوەمی یاسای ژمارە ٧٨-٢٢ لە ١٩٧٨/١/١٠، تایبەت بە پاراستنی بەکاربەر لە هەندێک کاری قەرزدا هاتوە کە ئەم یاسایە ئەوکارانەی قەرز دەگرێتەوە کە بەشێوەیەکی ئاسایی بە کەسانی سروشتی و یاسایی دەدرێت، کە مەبەست لێی دابینکردنی دارایی بۆ چالاکییەکی پیشەیی نییە، بە تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی ئەم ماددەیە یاسادانەری فەرەنسی بەکاربەر دەناسێنێت بە کەسێک ئامانجی بەدەستهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییە بۆ بەکارهێنانی کەسی بەبێ ئەوەی پەیوەندی بە چالاکییەکی پیشەییەوە هەبێت، جا کەسەکە سروشتی یان واتایی بێت (Loi n°78-22 du 10 janvier 1978)، شایەنی باسە تێبینی دەکرێت ئەم ئاڕاستەیەی یاسادانەری فەرەنسی ڕەنگدانەوەی چەندین یاسای تر بن کە پێش ئەم یاسایە دەرچو بون، وەکو یاسایی ڕێکخستنی فرۆشتن لە ماڵەکاندا لە ڕێگەی کڕیاری گەڕۆکەوە، لە ١٩٧٢/١٢/٢٢،یاسای ڕێکخستنی ڕیکلام لە ١٩٧٣/١٢/٢٧، تەنانەت ئەم ڕێبازەی یاسادانەری فەرەنسی بۆ دوای خۆشی بەردەوام بو ڕەنگیدایەوە لە یاسایی ژمارە ٢٣ی ساڵی ١٩٧٨ی یاسای پاراستنی بەکاربەر لە ڕیکلامی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان، و یاسای پاراستنی بەکاربەری دەرچو لە ١٩٨٣/٧/٢١(الشمري، سەرچاوەی پێشو، هامش رقم ٣٢،٣)، هەروەها ڕەشنوسی یاسای پاراستنی بەکاربەری فەرەنسی ساڵی ١٩٩٣ هەمان ڕێبازی پێش خۆی گرتەبەر و پێناسەی بەکاربەر دەکات بەوکەسەی کە کاڵای گوازراوە و خزمەتگوزارییەکان بۆ بەکارهێنانی ناپیشەیی بەدەستدەهێنێت (,code de la consommation. 26, 1993 juill)، پاشان یاسای بەکاربەری فەرەنسی ساڵی ٢٠١٦ دەرچو تیایدا پێناسەی بەکاربەری دیاریکرد بە کەسێکی سروشتی کە بۆ مەبەستێک مامەڵە دەکات بەشێک لە چالاکیی بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵی پێکناهێنێت (Code de la consommation. 2016)، پاراستنی سنوردارکرد بە کەسانی سروشتیی و ناپیشەییەوە. بەم شێوەیە، بۆمان دەردەکەوێت کە یاسادانەری فەرەنسی یەک ئاڕاستە و ستانداردی نەگرتۆتەبەر ناڕونییەک هەیە و ناتوانرێت بزانرێت یاسادانەر چ ئاراستەیەکی گرتۆتەبەر، بەشێوەیەک هەندێکجار ئاماژەن بۆ پۆلێک لە مرۆڤەکان هەندێکجار ئاماژەن بۆ پۆلێک لە کردارەکان، هەندێکجار هەردوکیان دەگرێتەوە، هەندێکجار سنوردارە بە کەسانی سروشتی هەندێکجار کەسانی سروشتی و واتایی دەگرێتەوە.

سەبارەت بە عێراق و هەرێمی کوردستان، دەبینین یاسادانەری عێراقی بە گوێرەی یاسای پاراستنی بەکاربەری عێراقی ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٠، لە ماددەی پێنجەم برگەی (١) پێناسەی بەکاربەر دەکات بە" ئەوکەسە سروشتییە یان یاساییەی کە کاڵا یان خزمەتگوزاریەک دابین دەکات بە مەبەستی سود لێوەرگرتنی"، بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە یاسادانەری عێراقی پێچەوانی یاسادانەرانی فەرەنسی تەنیا یەک ئاڕاستەی گرتۆتەبەر بۆ پێناسەکردنی چەمکی بەکاربەر، ئەویش ئاڕاستەی فراوانە، بەشێوەیەک دەردەکەوێت کە هەمو کەسانی سروشتی و واتایی دەچنە ژێر ئەو پاراستنەوە کە لە یاسای پاراستنی بەکاربەری ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٠دا هاتوە، جا بەکاربەر ئەو کاڵا و خزمەتگوزارییەی بۆ مەبەستی بەکارهێنانی کەسی یان خێزانی یان بۆ مەبەستی پیشەیی بێت، ئەمەش بە مانای درێژکردنەوەی مەودای پاراستن دێت بۆ کەسانی واتایی و پیشەیی، مەبەستی یاسادانەریش لەم درێژکردنەوەیە پاراستنی لایەنی لاوازە لە گرێبەستدا، ئەمەش بەو مانایە نایات کە ئێمە پشتگیری هەڵوێستی یاسادانەری عێراقی دەکەین، بەڵکو لە بەشەکانی پێشو ئاماژەمان پێدا کە بە گوێرەی بۆچونی یاساناسان یاسای پاراستنی بەکاربەر ئامانجی پاراستنی لایەنی لاواز و هاوسەنگکردنی پەیوەندی گرێبەستییە.

جێگەی ئاماژە پێدانە کە ئەم هەڵوێستەی یاسادانەری عێراقی بۆ هەرێمی کوردستانیش ڕاستە، چونکە ئەم یاسایە لە هەرێمی کوردستان جێبەجێدەکرێت بەبێ هیچ دەستکاریکردن و هەموارکردنێک بەپێی یاسایی ژمارە ٩ی ساڵی ٢٠١٠ یاسای جێبەجێکردنی یاسای پاراستنی بەکاربەری عێراقی ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٠.

### ٢.٤. بنچینەی یاسایی دەسەڵاتی ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی بۆ پاراستنی مافەکانی بەکاربەر

بنچینەی یاسایی بۆ پاراستنی مافەکانی بەکاربەر چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی یان نیوخۆیی بێت؛ لەسەر کۆمەڵێک بنەما و ڕێککەوتن و یاسا دامەزراوە، کە ئامانجیان پاراستنی مافەکانی بەکاربەران و دڵنیابونە لە سەلامەتی ئابوریی و تەندروستیان. لەم ڕووەوە، ڕێککەوتننامەی ڤیەننا لە ساڵی ١٩٦٤تایبەت بە ڕێکخستنی گرێبەستە نێودەوڵەتییەکان بۆ کاڵای جوڵاو، و ڕێککەوتننامەی لاهای ساڵی ١٩٨٥ تایبەت بە دیاریکردنی چوارچێوەی فرۆشتنی نێودەوڵەتی کاڵا، دیارترین ئەو هەوڵە نێودەوڵەتیانە بون کە بۆ ڕەواندنەوەی سەرهەڵدانی ئەو نیگەرانیانە بو سەبارەت بە سەلامەتی بەرهەمەکان و گواستنەوەی لە سنورەکانەوە هاتبوە کایەوە، لە ئەنجامی پێشکەوتنی ژیان لە بوارەکانی پیشەسازی و بازرگانی و

زیادبونی قەبارەی بازرگانی نێودەوڵەتی، بە ئامانجی ڕێکخستنی پەیوەندییە بازرگانییەکان و پاراستنی مافەکانی بەکاربەران، بەڵام ئەم هەوڵانە هێشتا بەس نین بۆ دابینکردنی پاراستنی ڕاستەقینە بۆ بەکاربەران لە بازرگانی نێودوەڵەتیدا(ابراهیم،٢٠٠٧، ٤٤). هەر ئەمەش هۆکار بو لە ئاستی هەرێمی و کیشوەریدا هەنگاو بۆ دامەزراندنی یاسا و ڕێسایی پاراستنی بەکاربەران بنرێت، بەشێوەیەک ئەم هەوڵانە گەیشتونەتە ئاستێک بە چەند هەنگاوێک لە پێش هەوڵە نێودەوڵەتییەکانەوەن. لەم ناوەندەشدا، هەوڵەکانی کۆمەڵگەی ئابوری ئەوروپی هەیە بە ئامانجی دانانی یاسا و بنەمای کاریگەر بۆ گەرەنتیکردنی مافەکانی بەکاربەری ئەوروپی لە هەمو بابەتەکانی ژیانیاندا لە ڕێگەی چەندین ڕێککەوتننامە و بنەمای ئاراستەکراو لە پەرلەمانی ئەوروپییەوە، کە تیایاندا ستانداردی یەکسان بۆ پاراستنی بەکاربەران لە هەمو وڵاتانی ئەندامدا دادەمەزرێنێت و وادەکەن ئەم دەوڵەتانە یاسا نیشتیمانییەکانیان لەگەڵ ئەم ستانداردانەدا بگونجێنن بۆ ئەوەی بازاڕێکی یەکگرتو دابمەزرێنن و مافەکانی بەکاربەران بپارێزرێن و کێبڕکێی دادپەروەرانە بەرەوپێش ببەن، لە گرینگترین ئەو هەوڵانەش ڕێککەوتننامەی ڕۆما Treaty of Romeساڵی ١٩٥٧، و ڕێککەوتننامەی ماستریخت Maastricht Treaty١٩٩٢، لەگەڵ چەندین بنەمای ئاڕاستەکراو لە پەرلەمانی ئەوروپییەوە (Liesbeth&zon,2024,1). هاوکات بنەما ئاڕاستەکراوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانی ساڵی ١٩٥٨ وەک بنەمایەکی یاسایی بۆ یاسا نیشتیمانییەکان ڕۆڵێکی گرنگی لەم بوارەدا بینی بۆ یارمەتیدانی وڵاتان لە دانانی ڕێسا و یاسای پاراستنی بەکاربەران، ئەم بنەمایانە داوا لە دەوڵەتان دەکات کار بۆ دانانی یاسا و سیاسەتێک بکەن کە تیادا بەکاربەران بپارێزێت و بەردەوام چاودێری جێبەجێکردنیان بکەن و پابەندبن بە پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بۆ پاراستنی بەکاربەران(المبادئ التوجيهية الأمم المتحدة لحماية المستهلك باللغة العربية،٢٠١٦،١).

بەمشێوەیە، ئەم سەرچاوانەی لە سەرەوە باسکران بەشدارن لە دروستکردنی سیستەمێکی یاسایی یەکگرتو کە پاراستنی بەکاربەران بەرزدەکاتەوە و دڵنیایی دەدات لەوەی وڵاتان پابەندن بە ستاندارده یەکسانەکانەوە، بەوپێیەی زۆر لە وڵاتان بنەما ئاڕاستەکراوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانیان وەک بنەمایەکی یاسایی وەرگرتوە بۆ پاراستنی مافی بەکاربەران لە زۆربەی بارەکاندا، هەندێک وڵاتیش دانیان بە مافەکانی بەکاربەردا ناوە وەک یەکێک لە مافەکانی مرۆڤ، لە زۆر باری تردا پاراستنی بەکاربەر لە دەستوردا دەقنوس کراوە. لە ئێستاشدا زۆربەی وڵاتان یاسای پاراستنی مافەکانی بەکاربەریان هەیە تیایاندا مافە سەرەتاییەکان و میکانزمەکانی پاراستنیان دیاریدەکەن، سەرەڕای بونی چەندین یاسای تر بۆ ڕێکخستنی بوارەکانی هاوردە و هاناردە کردن و دیاریکردنی پێوەرەکانی کوالێتی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، بۆنمونە لە فەڕەنسا پێش سەدەی بیستەم هیچ یاسایەکی تایبەتی پاراستنی بەکاربەران نەبو، بەڵام هەندێک بڕگەی گشتی لە یاسای شارستانی Code Civil فەڕەنسی ساڵی ١٨٠٤ هەبون کە باسیان لە هەندێک بابەتی پەیوەست بە ساختەکاری و فێڵکردن لە گرێبەستەکاندا دەکرد، بەڵام سەدەی بیستەم بە دیاریکراوی سەرەتای حەفتاکان بە سەرەتای گۆڕانکارییەکان دادەنرێن بۆ پاراستنی گشتگیری مافەکانی بەکاربەران بە دەرکردنی یاسای سەربەخۆ بۆ پارێزگاریکردن لە مافەکانی بەکاربەر، لەوانەش یاسای ژمارە ٧٨-٢٢ لە ١٩٧٨/١/١٠، ( Loi n 78-22 du 10 janvier 1978)، بە یەکێک لە یەکەمین یاساکان دادەنرێت کە ڕاستەوخۆ تیشکی خستۆتە سەر مافەکانی بەکاربەر، بەوپێیەی گەرەنتی مافی بەکاربەر لە گرێبەستە بازرگانییەکان دەکات بە دیاریکردنی میکانیزمەکانی پاراستنی مافەکانی بەکاربەران لە ساختەکاری، هەر بە پێی ئەم یاسایە فەرمانگەی نیشتیمانی بۆ پیشەسازی لە ژێر چاودێری وەزیری پیشەسازی دامەزرا، بە دامەزراوەیەکی ناوەندی ئەژماردەکرێت و لەلایەن ئەنجومەنێکەوە بەڕێوەدەبرێت بە نوێنەرایەتی دەسەڵاتی کارگێڕیی و بەکاربەران، هەمو کارەکانی ڕاوێژکاری و تاقیکردنەوە و چاودێریکردن و هەر کارێکی تری پێویست بۆ پاراستنی بەکاربەران ئەنجام دەدات، هەروەها دواتر لە ساڵی ١٩٩٣ یاسای ژمارە ٩٣-٩٤٩ لە ١٩٩٣/٧/٢٦، (Loi n° 93-949 du 26 juillet1993)، دەرچو بە ئامانجی بەهێزکردنی پاراستن بۆ مافەکانی بەکاربەران، لەڕێگەی دانانی یاسا و ڕێساکانی ڕێکخستنی ڕیکلام و چالاکییە فریودەرەکان، کە بە قۆناغی بەهێزکردنی پاراستنی مافەکانی بەکاربەران ناسراوە بە پێی بنەما ئاڕاستەکراوەکانی پەرلەمانی ئەوروپا، تیایدا هەمو یاساکانی پاراستنی بەکاربەر کۆکراونەتەوە بۆ یەک یاسا بە کۆدی بەکاربەر( Code de la consommation) ناسراوە، ئەم یاسایانە بەردەوام لە نوێکردنەوەدان بۆئەوەی لەگەڵ ستاندارده ئەوروپییەکان و گۆڕانکارییە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان بگونجێن(JORF n° 171 du 27 juillet 1993) .

بەڵام پاراستنی بەکاربەر لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە ماوەی ڕابردو بە بەراورد بە وڵاتانی پێشکەوتو گرنگیەکی ئەوتۆی پێنەدراوە، هاوشێوەی فەرەنسا یاساکانی پاراستنی بەکاربەران لە عێراق بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، دەتوانین دابەشیان بکەین بۆ دو قۆناغ، قۆناغی یەکەم قۆناغی پێش ساڵی ٢٠٠٣یە کە دەستپێدەکات بە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی لە ساڵی ١٩٢١ەوە تا ساڵی ٢٠٠٣، لەم قۆناغەدا سیستەمێکی ڕون بۆ پاراستنی مافەکانی بەکاربەران لە عێراقدا نەبو، بەڵام یاساکانی بازرگانی و تەندروستی و تاوانکارییەکان هەندێک پارێزگاریيان لە ساختەکاری و فێڵکرن و تەندروستی بەکاربەران دابیندەکرد، وەکو یاسای نیشانە بازرگانییەکان و زانیاری ژمارە ٢١ی ساڵی ١٩٥٧ی

هەموارکراو، لە برگەی ٧ی ماددەی پێنجەمدا هاتوە کە تۆمارکردنی ئەو نیشانە بازرگانیانەی ئەگەری هەیە بەکاربەران فریو بدەن یان وەسفی درۆی سەرچاوەی بەرهەمەکان لە خۆبگرن نابێت تۆمار بکرێن،لە برگەی ٨ هەمان یاسادا هاتوە کە ئەو نیشانە بازرگانیانەی هاوشێوەی نیشانەیەکی بازرگانین کە پێشتر تۆمارکراون نابێت تۆمار بکرێن بە ئامانجی ڕێگریکردن لە دروست بونی سەرلێشێواوی بۆ تێگەیشتن لە بەرهەمەکان لە نێوان بەکاربەراندا،یاسای سزادانی ژمارە١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو لە ماددەی ٤٦٦ ڕێگری دەکات لە ئەنجامدانی بە ئەنقەستی هەر کردەوەیەک کە ببێتە هۆی بەرزبونەوەی و دابەزینی نرخی کاڵاکان و شاردنەوەی بەرهەمە بەکاربەرییەکان و ئەنجامدەرانیش ڕوبەڕوی سزای یاسایی دەکاتەوە، یاسای بازرگانی ژمارە ٢٠ی ساڵی ١٩٧٠ی هەموارکراو، هەر وەک لە ماددەی ٣دا ئەرکەکانی ئەنجومەنی ڕێکخستنی بازرگانی نێوخۆی و دەرەکی دیاریدەکات و یەکێک لە ئەرکەکانیشی پاراستنی ئابوریی نیشتیمانی و ڕێگریکردن لە یاریکردن بە نرخی کاڵاکان و دڵنیابونە لە بەردەستبونی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بۆ هاووڵاتیان و بەکاربەران بە نرخێکی گونجاو،یاسای ڕێکخستنی بازرگانی و کەرەستەی کشتوکاڵی ژمار ٣٤ی ساڵی ١٩٧٠ی هەموارکراو لە ماددەی دووەمدا لە ڕێگەی دابینکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی سەلامەت و کوالێتی بەرز خزمەت بە بەکاربەر دەکات و چالاکییە بازرگانییەکان بە کەرەستەی بازرگانییەوە ڕێکدەخات و پێدانی مۆڵەتی هاوردەکردنی کەرەستەی کشتوکاڵی بۆ ئەو کەسانە سنوردار دەکات کە ئەزمونیان هەیە لەو بوارەدا،یاسای چالاکییەکانی پیشەی دەرمانسازی ژمارە ٤٠ی ساڵی ١٩٧٠ی هەموارکراو، لە ماددەی ١٢دا بە ئامانجی پاراستنی تەندروستی بەکاربەران ڕێگری دەکات لە فرۆشتن و ئامادەکردن و پاکەتکردنی دەرمان لە لایەن هەر کەسێکەوە جگە لە دەرمانسازان،یاسای کێش و پێوەرەکانی بازرگانی ژمارە ٤٢ی ساڵی ١٩٧٨ی هەموارکراو لە ماددەی حەوتەم ڕێگە نادات ساختەکاری لە ئامێرەکانی پێوانە و کێش کە بۆ مەبەستی بازرگانی بەکاردەهێنرێن بکرێت، لە ڕێگەی ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی ئەو ئامێرانە مەگەر مۆری ئەو دەسەڵاتەی لەسەر بێت کە تایبەتمەندە بە پشکنین و ڕێگەپێدانیان، یاسای دامەزراوەی ستاندارد کردن و کۆنترۆڵی جۆری ژمارە٥٤ی ساڵی ١٩٧٩ی هەموارکراو، بە هەمانشێوە کاردەکات بۆ پاراستنی بەکاربەران هەر وەک لە ماددەی ٢دا هاتوە کە یاساکە بەشداری دەکات لە پێشخستنی ئابوریی نیشتیمانی و بەرزکردنەوەی کارایی بەرهەمهێنان لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی کوالێتی بۆ بەرهەمی نێوخۆی و هاوردەکراو،یاسای تەندروستی گشتی ژمارە ٨٩ی ساڵی ١٩٨١ی هەموارکراو، یاساکە ئامانجی پاراستنی تەندروستی و سەلامەتی هاووڵاتیانە لە ناویاندا بەکاربەران، ئەمەش لە ماددەی ٢٢ پشتڕاستکراوەتەوە لە ڕێگەی دورخستنەوەی مەترسییە تەندروستییەکان و پاراستنی بەکاربەران کە لەوانەیە لە ئەنجامی خۆراک،دەرمان،ئاو،ژینگە سەرهەڵبدەن، دیارترین ڕۆڵی لە بواری پاراستنی بەکاربەراندا بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی بەرهەمهێنان و فرۆشتنی بەرهەمە خۆراکی و دەرمانییەکان و داوا لە دوکان و چێشتخانە وشوێنەکانی فرۆشتنی دەرمان دەکات پابەند بن بە مەرج و ستاندارده تەندروستییەکان،یاسای سیستەمی خۆراکی ژمارە٢٩ی ساڵی ١٩٨٢ی هەموارکراو، بەشداره لە پاراستنی بەکاربەران لە ڕێگەی دڵنیابون لە سەلامەتی خۆراک و مادده زیادکراوەکان بۆ بەرهەمە خۆراکییەکان کە ڕەنگە تەندروستی بەکاربەران بخەنە مەترسییەوە، ئەمەش ئەوەیە کە لە ماددەی چوارەمی یاساکەدا هاتوە و ڕێگری دەکات لە فرۆشتن و بە بازارکردنی بەرهەمی خۆراکی نا تەندروست و زیانبەخش و قەدەغەکردنی فرۆشتنی بەرهەمە خۆراکییەکان لەو شوێنانەی مۆڵەتیان نیە،وە یاسای گومرگی ژمارە٢٣ی ساڵی ١٩٨٤ی هەموارکراو، بەشێوەی ناڕاستەوخۆ پارێزگاری بۆ بەکاربەران دابیندەکات لە ڕێگەی چاودێریکردنی کاڵا هاوردەکراوەکان و دڵنیابون لە کوالێتیان و ڕێگریکردن لە ساختەکاری بازرگانی کە خزمەت بە سەلامەتی و تەندروستی بەکاربەران دەکات،ئەمەش لە ماددەی ٢٩ و ٣١ پشتڕاستکراوەتەوە کاتێک ڕێگری دەکات لە هاتنە ژورەوەی ئەو کاڵایانەی کە سەرچاوەی دروستکردنیان نادیارە.

قۆناغی دوەم لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە دەستپێدەکات، لەم قۆناغەدا عێراق و هەرێمی کوردستان بەهۆی گۆڕانکاری سیاسی و ئابورییەوە گۆڕانکاری گەورەیان لە بواری پاراستنی بەکاربەراندا بەخۆوە دیت، لەگەڵ گۆڕانی سیستەمی سیاسی و کرانەوەی بازاڕەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان بەڕوی بازاڕە جیهانییەکان و هاتنی بە لێشاوی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بەبێ گوێدانە کوالێتیان، پێویستی یاسای و میکانزمی کاریگەر بۆ پاراستنی بەکاربەران لە ساختەکاری بازرگانی و قۆرخکاری و لاوازی کۆنترۆڵی بازاڕ و خراپی کوالێتی کاڵاکان زیاتربو، ئەوەبو یاسادانەر لە ساڵی ٢٠١٠ یاسای پاراستنی بەکاربەرانی دەرکرد بە ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٠، کە بەیەکەمین یاسای گشتگیر دادەنرێت بۆ پاراستنی مافەکانی بەکاربەران لە عێراق و هەرێمی کوردستان، بە ئامانجی بەدەستهێنانی کاڵای سەلامەت و گرەنتیکردنی مافی قەرەبوکردنەوەی بەکاربەران و ڕێگریکردن لە ساختەکاری بازرگانی لە ڕێگەی ئەنجومەنی پاراستنی بەکاربەران کە دامەزراوەیەکی کارگێڕییە و گرێدەدرێت بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە، بەڵام تا کاتی نوسینی ئەم توێژینەوەیە ئەنجومەنەکە چالاک نییە، سەرەڕای دەرچونی چەندین یاسای تر کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مافەکانی بەکاربەران دەپارێزن بە پێدانی دەسەڵات بە دامەزراوە کارگێڕییە جیاوازەکان، وەکو یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە

ژمارە ٢٧ی ساڵی ٢٠٠٩، و یاسای پاراستنی بەرهەمی عێراقی ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠١٠، و یاسای کێبڕکێ و ڕێگریکردن لە ساختەکاری ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠١٠، و یاسای پاراستن و پەرەپێدانی بەرهەمی کشتوکاڵی ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٠٨ لە هەرێمی کوردستان و یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای کێبڕکێ و قەدەغەکردنی قۆرخکاری لە هەرێمی کوردستان. سەرەڕای بونی چەندین پەیڕە و ڕێنمایی دەرچو لە لایەن دەسەڵاتی کارگێڕییەوە بۆ ڕێکخستنی چالاکییە ئابورییەکان و پاراستنی مافەکانی بەکاربەران لە هەرێمی کوردستان، وەکو ڕێنمایی ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١٠، ڕێنمای تایبەت بە هاوردە و هەناردەکردنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکانی ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١٠، و ڕێنمایی ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠١٢، ڕێنمایی چاودێری بازرگانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، و ڕێنمایی ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٦ تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی هاوردەکردنی دەرمان و تەواوکەری خۆراکی و دەرمانی گیایی و پێداویستییە پزیشکییەکان و ڕێنمایی ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە ڕێکخستنەوەی نرخ و ڕێژە و شایستەکان لە نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی کەرتی تایبەت، دەرچو لە وەزارەتی تەندروستی.

بەمشێوەیە شیکارییە بەراوردکارییەکان ئەوە دەردەخەن کە پاراستنی مافەکانی بەکاربەر لە فەرەنسا و عێراق و هەرێمی کوردستان قۆناغی جیاوازی تێپەڕاندوە، لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە فەرەنسا گۆڕانکارییەکی چۆنایەتی لەم بوارەدا بەخۆیەوە بینیوە لە تەنها پشتبەستن بە برگە گشتییەکانی یاسای شارستانی بۆ پەسندکردنی سیستەمێکی یاسایی گشتگیر بۆ پاراستنی بەکاربەران لە ڕێگەی دەرکردنی یاسای تایبەت و دامەزراندنی دامەزراوەی چاودێری تایبەت، لە دیارترینی ئەو یاسایانەش یاسای ژمارە ٩٤٩/٣٩ی ساڵی ١٩٩٣ی یاسای پاراستنی بەکاربەرە کە تیایدا هەمو یاساکانی پاراستنی بەکاربەر کۆکرانەوە بۆ یەک یاسا و بەردەوام بەپێی ستاندارده ئەورووپییەکان و پێداویستییەکانی بازاڕ نوێدەکرێتەوە، لە بەرامبەردا عێراق و هەرێمی کوردستان هەمان پێشکەوتنیان بەخۆوە نەبینیوە، لە پێش ساڵی ٢٠٠٣ پاراستنی بەکاربەر سنوردار بو لە چەندین برگەی پەرشو بڵاو لە یاسا جیاوازەکاندا بەبێ بونی چوارچێوەیەکی یاسایی گشتگیر یان دامەزراوەیەکی کاریگەر، یەکەم یاسای گشتگیریش بۆ پاراستنی بەکاربەران لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٠ دەرچو، بەڵام ئەم چوارچێوەیەش تا ڕادەیەکی زۆر بە فەرمی مایەوە بەهۆی جێبەجێنەکردنی دامەزراوەییەوە، لەم بارەشدا دەسەڵاتی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستان ئەرکی پاراستنی بەکاربەران لەڕێگەی چەندین یاسایی جیاوازەوە بەڕێوەدەبات لە ڕێگەی دەرکردن و جێبەجێکردنی یاسای تایبەتمەند، دیارترینیان ڕێنمایە وەزارییەکانن کە ڕێکخستنی هاوردە و هەناردەکردنی کەل و پەل و کارکردنی فرۆشگا و کۆمپانیاکان و دەرکردنی مۆڵەت و چاودێریکردنی نرخەکان و چەندین بواری تر لە خۆدەگرن، ئەم ڕێوشوێنانەش ڕەنگدانەوەی پابەندبونی هەرێمە بۆ گەیشتن بە کەمترین ئاستی پاراستنی بەکاربەر سەرەڕای نەبونی یاسایەکی یەکگرتو کە تیشک بخاتە سەر چوارچێوەیەکی یاسایی گشتگیر کە هاوتەریب بێت لەگەڵ ستاندارده نێودەوڵەتییەکان. بۆیە لەڕێگەی ئەم لێکۆڵینەوەیە کەموکورییەکی دولایەنە دەبینینەوە، کە بریتین لە ناسکی پێکهاتەی یاسایی لە لایەک و لاوازی پێکهاتەی دامەزراوەییە لە لایەکی ترەوە، ئەمەش ڕێگری دەکات لە جێبەجێکردنی یاسا و سیاسەتەکان لە واقیعدا، بۆیە ئەمەش وامانلێدەکات جەخت لەسەر پێویستی پێداچونەوە بە یاساکانی ئێستا و چالاککردنی دامەزراوە ڕێکخەرەکاندا بکەینەوە بۆ دڵنیابون لە پاراستنی کاریگەری بەکاربەر بەگوێرەی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان و ئەزمونی وڵاتانی پێشکەوتو، دیارترینیان ئەزمونی فەرەنسی.

## ٣. ڕێکخستنە یاسایی و ڕێکارییەکانی دەسەڵاتی ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی لە پاراستنی مافەکانی بەکاربەر

ڕێکخستنی یاسایی دەسەڵاتی ڕێککاری کارگێڕی ئابوریی کۆمەڵێک ڕێسا و ڕێککارە لە لایەن دەسەڵاتی گشتییەوە دامەزراون بۆ چاودێریکردنی بازاڕ، ئەم چاودێریکردن و پاراستنە لە ناوەڕۆکی تایبەتمەندی دەسەڵاتە کارگێڕییە جیاوازەکاندایە، چ دەسەڵاتێکی کارگێڕیی ناوەندی بێت بۆ دانانی سیاسەتێکی گشتی و دەرکردنی یاسا و ڕێساکان و هەماهەنگی لەگەڵ دەزگا نێودەوڵەتیەکان بۆ پێشخستنی ستاندارده جیهانیەکان یان دەسەڵاتێکی کارگێڕیی نێوخۆی بێت، لە ڕێگەی جێبەجێکردنی یاساکان و چاودێری بازاڕە نێوخۆییەکان و مامەڵەکردن لە گەڵ سکاڵای بەکاربەران، لەم ڕوانگەیەوە باسی ڕۆڵی دەسەڵاتە کارگێڕییە ناوەندییەکان و نێوخۆییەکان دەکەین بۆ پاراستنی بەکاربەر لە فەرەنسا و هەرێمی کوردستان.

### ٣.١. دەسەڵاتی ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی ناوەندیی

هەلومەرجە مێژوی و سیاسی و ئابورییەکان ڕێڕەوی گەشەپێدانی دەسەڵاتە کارگێڕییە ناوەندییەکانی لە فەرەنسا و هەرێمی کوردستان داڕشتوە، بەشێوەیەک ڕەگ و ڕیشەی دەسەڵاتێکی کارگێڕی ناوەندیی وەک وەزارەتێکی بەرپرسیار لە پاراستنی بەکاربەران لە فەرەنسا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٠٥، و بەتێپەڕبونی کات گۆڕانکاری لە دەسەڵاتی تایبەتکار بە پاراستنی بەکاربەراندا ڕویداوە، جا بە گواستنەوەی ئەو تایبەتکارییە بێت لەنێوان وەزارەتەکان یان بە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی تایبەت بێت بۆ پاراستنی مافەکانی بەکاربەران (جمال،٢٠٠٦،٥٦)، بەڵام لە ساڵی ١٩٩١ەوە بەشێوەیەکی فەرمی بەرپرسیاریەتی پاراستنی بەکاربەران سپێردرا بە وەزیری بازرگانی و پیشە دەستییەکان و دەزگایەکی کارگێڕی

گرنگ دامەزرا و ڕۆڵێکی گرنگی هەبو لە جێبەجێکردنی یاسای پاراستنی بەکاربەراندا، بە ناوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کێبڕکێ و کاروباری بەکاربەر و بەرەنگاربونەوەی ساختەکاری(DGCCRF)، کارەکانی لە ژێر ناوی دو بەڕێوەبەرایەتی جیاوازدا ئەنجامدەدات، ئەوانیش بەڕێوەبەرایەتی کێبڕکێ و بەکاربردن(SRF)، کە بەرپرسیارە لە چاودێریکردنی نرخەکان و کێبڕکێ و پاراستنی لایەنی ئابوریی بەکاربەر،بەڕێوەبەرایەتی بەکاربردن و ڕێگریکردن لە ساختەکاری(DGCC)، کە بەرپرسیارە لەچاودێریکردنی کوالێتی و سەلامەتی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان و پێدانی زانیاری بە بەکاربەران و لێکۆڵینەوە لە سکاڵای بەکاربەران(سعدیة،٢٠٠٩،٢٣٥)، ئەرکەکانی ئێستای بریتین لە چاودێریکردنی بازاڕەکان بۆ دڵنیابون لە کوالێتی و سەلامەتی بەرهەمەکان و چاودێریکردنی نرخەکان و پابەندبون بە یاساکانی فرۆشتن و کێبڕکێ و باشترکردن و پەرەپێدانی یاساکان بەگوێرەی پێشکەوتنە ئابورییەکان(محمود،٢٠٢١،٤٢١)، بەڕێوەبەرایەتییەکە لە دەسەڵاتێکی کارگێڕی ناوەندیی و بەرژەوەندییە هەرێمییەکان پێکدێت، بە دەسەڵاتێکی کارگێڕی مەیدانی دادەنرێت و کار بۆ پاراستنی بەکاربەران دەکات و چالاکییەکانی هەمو کەرتەکان و هەمو ئاستەکانی بەرهەمهێنان و هاوردەکردن و دابەشکردن دەگرێتەوە، و زۆرجار هاوکاری لە وەزارەتەکانی تری وەک تەندروستی و کشتوکاڵ وەردەگرێت لە دۆسییە ئاڵۆزەکاندا، هەروەها ڕاوێژ بە دەزگا زانستییە تایبەتمەندییەکان دەکات بۆ وەرگرتنی زانیاری وەک دەزگای سەلامەتی خۆراکی فەرەنسی(جمال،سەرچاوەی پێشو،٥٧)، تاکاتی نوسینی ئەم توێژینەوەیە DGCCRF بەڕێوەبەرایەتییەکی چالاکە و گرێدراوە بە وەزارەتی دارایی و ئابوریی، و لقی لە هەمو پارێزگا و کارگێڕییە نێوخۆییەکان هەیە و ڕۆڵێکی سەرەکی لە پاراستنی مافەکانی بەکاربەران دەگێڕێت و پەیوەندییەکی چالاکی لەگەڵ لقەکانی لە سەرانسەری فەرەنسا هەیە لە پێناو ئاسانکاری بۆ وەرگرتنی سکاڵای بەکاربەران، چەندین ڕێگای جیاوازی دیاری کردوە لەوانە دابینکردنی ماڵپەڕێکی ئەلکترۆنی فەرمی بۆ وەرگرتنی سکاڵای بەکاربەران لەژێر لینکی https://signal.conso.gouv.fr، سەرەڕای دابینکردنی چەندین ژمارە تەلەفونی بێبەرامبەر لە سەرانسەری فەرەنسادا، هەر لە درێژەی کاروچالاکییەکانیدا بەڕێوەبەرایەتییەکە ڕایگەیاند لە ساڵی ٢٠٢٣دا بەهۆی پابەندنەبونی بەرهەمهێنەران و فرۆشیاران بە سەلامەتی بەرهەم و ماوەی شیاوی بەکارهێنانی کاڵاکان و ساختەکاری لە بەرهەماکاندا، سزای پێبژاردنی کارگێڕییان بە بڕی ٢٣٥ هەزار یورۆ سەپاندوە بەسەر فرۆشیاران و بەرهەمهێنەراندا، سەرەڕای بونی چەندین سزای دەستبەسەرداگرتنی بەرهەم و کاڵا ناتەندروستەکان و داخستنی چەندین شوێنکاری بازرگانی و پیشەسازی (Bilan d'activité 2023, https://www.economie.gouve.fr).

بەڵام لە هەرێمی کوردستان لە ئاستی ناوەندیدا دەسەڵاتێکی کارگێڕی تایبەتمەند وەک وەزارەتێک یان بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت نیە بۆ پاراستنی بەکاربەران، لەم بارەشدا ئەم ئەرکە دەکەوێتە ئەستۆی چەندین دامەزراوەی کارگێڕی ناوەندیی، بە تایبەتی ئەو وەزارەتانەی پەیوەندیان بە بازرگانی و تەندروستیەوە هەیە لە ڕێگەی دانانی سیاسەتێکی گشتی و دەرکردن و جێبەجێکردنی یاساکان وەک دانانی پێوەرەکانی کوالێتی و دابینکردنی میکانیزمەکانی پەیوەندی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ چارەسەری کێشەکان، لەم ڕوانگەیەوە ڕۆڵی هەریەک لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان دەخەینە بەر باس:

### ٣.١.١. ڕۆڵی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە پاراستنی بەکاربەران

وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان، ڕۆڵێکی گرنگ لە پاراستنی بەکاربەران دەگێڕێت لە ڕێگەی یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠١٠ی یاسایی وەزارەت و هەر یاسایەکی تری تایبەت بە پاراستنی بەکاربەر کە دەکەوێتە چوارچێوەی پسپۆڕایەتییەکەی، لەوانەش یاسا فیدراڵییە کارپێکراوەکان لە هەرێمی کوردستان، وەکو یاسایی پاراستنی بەکاربەر ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٠، کە بەپێی ماددەی ٤ لە یاساکە ئەنجومەنێک پێک دێت بە ناوی ئەنجومەنی پاراستنی بەکاربەر و قەوارەیەکی یاسایی و سەربەخۆی کارگێڕیی و دارایی دەبێت و دەبەسترێتەوە بە ئەنجومەنی وەزیران،ئەم ئەنجومەنە ڕەنگدانەوەی گرنگی پاراستنی بەکاربەرە وەک یەکێک لە ڕۆڵە ئابورییەکانی دەوڵەتی مۆدێرن، ئەنجومەنەکە سەرۆکێکی دەبێت و لە نێو ئەو کەسانەدا هەڵدەبژێردرێت کە ئەزمون و لێهاتویان هەیە لە بواری پاراستنی بەکاربەراندا، سەرۆک پلەی بریکاری وەزیری دەبێت بە ئامانجی دڵنیابون لە توانایی ئەنجومەن بۆ هەمەهەنگییەکی کاریگەر لەگەڵ وەزارەت و دەزگا پەیوەندیدارەکان، ئەنجومەنەکە پێکهاتوە لە نوێنەرانی وەزارەتە سەرەکییەکانی وەک وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی، تەندروستی، و کشتوکاڵ و نوێنەرانی کەرتی تایبەت لە سەندیکا پیشەییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەمەش نوێنەرایەتی هاوسەنگ لە نێوان دەسەڵاتە گشتییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنیدا بەرزدەکاتەوە،ماددەی پێنجەم بەرپرسیاریەتیەکی گشتگیر دەخاتە ئەستۆی ئەنجومەن، لەوانە پەرەپێدانی سیاسەتی گشتی پاراستنی بەکاربەر، وەرگرتنی سکاڵا، دەستێوەردان لە ڕێگەی هۆشیارکردنەوەی بەکاربەر یان تۆمارکردنی سکاڵا، بەشداریکردنی لە داڕشتنی یاسا، و ئەنجامدانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە، هەروەها یاساکە جەختدەکاتەوە لە هاوکاری کۆمەڵەکانی پاراستنی بەکاربەران و سود وەرگرتن لە پسپۆڕییە جیاوازەکان، ئەمەش لە پێکهێنانی لیژنەکانی پشکنین ڕەنگیداوەتەوە کە ئەرکی چاودێریکردنی بازاڕ و کۆگا و ڕاپۆرتکردنی

پێشێلکارییەکانیان پێسپێراوە، سەرەڕای بەهێزی چوارچێوەی یاسادانان تەحەدای ڕاستەقینە لە جێبەجێکردنی پڕاکتیکیدایە، بەشێوەیەک نەبون و چالاکنەکردنی ئەنجومەن، لاوازی هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتە تایبەتمەندەکان کاریگەری ئەم دەزگایەیان کەمکردۆتەوە، چونکە ئەو ئەنجومەنەی ماددەی ٤ دەقی لەسەرداوە بۆ دامەزراندن و کارکردن بۆ پاراستنی مافەکانی بەکاربەران تا ئەم ساتە دانەمەزراوە، ئەمەش بە ئاڵنگاریی و گرفتێکی گەورە و کاریگەر بۆ پاراستنی بەکاربەران دادەنرێت، لەم بارەشدا وەزارەت دەستە وستان نەوەستاوە بەڵکو لە یاساکەیدا زۆر لە بوارەکانی پاراستنی بەکاربەرانی لەخۆ گرتوە، بەو  مانایەی هەرچەندە یاساکە بەگشتی گرنگی بە ڕێکخستنی بازرگانی و پیشەسازی دەدات، بەڵام پاراستنی بەکاربەر بە بەشێکی گرنگ دادەنرێت، بە ئامانجی گەیشتن بە ژینگەیەکی تەندروست و دادپەروەرانەی بازرگانی، بەوپێیەی ئامانجی وەزارەت ڕەنگ ڕێژکردنی سیاسەتی بازرگانی و پیشەسازی گشتییە بە مەبەستی بەدیهێنانی گەشەسەندنی ئابوریی و کۆمەڵایەتی لە هەرێم، لەو پێناوەشدا کاردەکات بۆ لابردنی ئاستەنگەکانی بەردەم چالاکی بازرگانی و دانانی پلان و بەرنامەی گەشەسەندن و هاندانی هەناردەکردن و زامنکردنی چاودێریکردنی مافەکانی بەکاربەر و  ئامادەکردنی یاسای پێویست بۆ پاراستنیان، ئەمەش بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ چاودێریکردنی نرخەکان لە بازاڕی نێوخۆیی و ڕێکخستن و بەهێزکردنی ژینگەی کێبڕکێ و نەهێشتنی قۆرخکاری، هەروەها وەزارەتی بازرگانی بەرپرسیارە لە دروستکردنی کۆگاکانی خۆراک و ڕێکخستن و چاودێری و پێدانی مۆڵەت بە کۆمپانیا نێوخۆیی و بیانییەکان و ڕێگریکردن و چاودێریکردنی هاوردە و هەناردەی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان و چاودێریکردنی جۆری بەرهەمە پیشەسازییە نێوخۆییەکان و گونجاندنیان لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییە باوەڕپێکراوەکان(ماددەی دوەم و سێیەم لە یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٠ )، هاوکات کاردەکات بۆ ڕێگریکردن لە  هاوردەکردنی کاڵا قەدەغەکراوەکان بە پێی یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان، لەوانەش یاسای گومرگی ژمارە ٧ی ساڵی ٢٠٢٠ بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ و خاڵە سنورییەکانی ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێم(ماددەی ٣ بڕگەی سێیەم لە ڕێنمایی ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٢١، ڕێنمای تایبەت بە هاوردە و هەنارده)، و هەمو ئەو وەزارەت و دەستانەی حکومەتی هەرێم کە هاوردەکردنی کاڵایەک دەکەوێتە چوارچێوەی تایبەتمەندی خۆی و پێویستی بە ڕەزامەندی پێشەکی ئەو وەزارەتە و دەستەیە هەیە، بۆنمونە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ کاردەکات بۆ ڕێگریکردن لە هاوردەکردنی بەرهەمە کشتوکاڵی و ئاژەڵی و پەلەوەرییە نا تەندروستەکان، بە هەماهەنگی وەزارەتی تەندروستی ڕێگری دەکات لە هاوردەکردنی بەرهەمە ڕێگە پێنەدراوەکان لە بوارەکانی دەرمان و پێداویستییە پزیشکی و تاقیگەییەکان، بەرهەمە نەوتی کانزاییەکان بە هەماهەنگی وەزاەتی سامانە سروشتییەکان و هەر وەزارەت و دەستەیەکی تر کە هاوردەکردنی بەرهەمێک پێویستی بە ڕەزامەندی پێشەکی ئەو هەیە و دەکەوێتە چوارچێوەی تایبەتمەندی خۆی(بڕگەکانی یەکەم،دوەم،سێیەم،چوارەم لە ماددەی ١٠، هەمان ڕێنمایی)    هەروەها وەزارەت لە ڕێگەی ئەنجومەنی کێبڕکێ و ڕێگریکردن لە قۆرخکاری، و هەماهەنگی وەزارەتەکانی ناوخۆ،گواستنەوە و گەیاندن،کشتوکاڵ، پلاندانان، و یەکێتی ژورە بازرگانییەکان و سەندیکای وردبینیکاران و ژمێریاران، کێبڕکێی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان ڕێکدەخات و ڕێگری دەکات لە هەر کارێکی قۆرخکاری لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنە قۆرخکارییەکان لە نێوان ناوەندە بازرگانییەکان و ڕێگریکردن لە شاردنەوەی بەرهەمە بەردەستەکان و  بڵاوبونەوەی هەواڵی نادروست دەربارەی بەرهەم و نرخەکان و یاریکردن بە نرخەکان و سزادانی سەرپێچیکاران(ماددەی چوارەم و پێنجەم لە یاسایی کێبڕکێ و ڕێگریکردن لە قۆرخکاری ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١٣). لە لایەکی دیکەوە، تیمەکانی پشکنین و بەدواداچون لە وەزارەتی بازرگانی لە ئاستی ناوەندی و نێوخۆیی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی بەشێوەیەکی بەردەوام بەدواداچون بۆ کاری کۆمپانیا و شوێنکارە بازرگانی و پیشەسازییەکان دەکەن، بە مەبەستی پشکنینی نرخەکان و کۆنترۆڵکردنی کۆگاکردنی کاڵاکان و ڕێگریکردن لە دەستکاریکردنی ماوەی بەسەرچونی کاڵاکان و دڵنیابونەوە لە هەبونی مەرجە تەندروستییەکان بۆ کۆگاکردنی کاڵاکان، وەکو پێویستی بونی هەواکێش و کۆگا نەکردنی بەرهەمی کیمیایی و کاڵای خۆراکی لە یەک شوێن و دانانی فێنککەرەوە بۆ ئەو کاڵایانەی پێویستیانە(ماددەکانی ١، ٢ لە ڕێنمایی ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٢٠، تایبەت بە ڕێکخستنی کۆگاکردنی خۆراک و کاڵا).

لەسەر ئەم بنەمایەش، لە ئاستی ناوەندیی وەزیری بازرگانی بە یاوەری بەڕێوەبەری گشتی چاودێری و بازرگانی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/٨ سەردانی چەندین کۆگا و کارگەیەی دروستکردنی خۆراکی لەناو بازاڕی هەولێر کرد بە مەبەستی ئاگەداربون و چاودێریکردنی خۆراک و نرخی کاڵاکان و سەلامەتی کۆگاکردنیان و ڕێنمایی پێویستی ئاراستەی کۆگاکان و کارگە و بازاڕەکان کرد بە ئامانجی دڵنیابون لە بەردەستبون و سەلامەتی خۆراکی پێویست و چاودێریکردنی نرخی کاڵاکان(https://www.gov.krd/moti/activie D.O.V.2/2/2025). هەر لەم ڕوانگەیەوە وەزیری بازرگانی لە فەرمانێکیدا بە ژمارە ٢١١٤ لە ٢٠٢١/٥/١٩ بڕیاریدا بە دەستبەسەرداگرتنی هەر کاڵایەک لە لایەن تیمەکانی چاودێری لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی کە ڕێکەوتی بەسەرچونی لێزەری نەبێت و بە دەست لابچێت یان لەزگە بێت و بە ئاسانی

لێبکرێتەوە، لە ئاستی نێوخۆیشدا تیمەکانی پشکنینی چاودێری و بازرگانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی، ئەرکی پاراستنی سەلامەتی و تەندروستی بەکاربەران لە ئەستۆ دەگرن بۆ چاودێریکردنی بازاڕەکان و کارگە و کۆگاکان و دڵنیابونەوە لە هەبونی مەرجە تەندروستی و هونەرییەکان و سزادانی سەرپێچیکاران، فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتیە بازرگانیەکان لە پارێزگا و کارگێڕییە سەربەخۆکان دەسەڵاتی سەپاندنی چەندین سزای کارگێڕیان هەیە وەکو پێبژاردن و داخستن و دەستبەسەرداگرتنی کارگێڕی، لە کاتی بونی هەر سەرپێچیەک لە مەرجە تەندروستی و هونەرییەکان، بەشێوەیەک بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی دەسەڵاتی پێبژاردنی هەیە بەبڕی (٥٠،٠٠٠) پەنجا هەزار دینار تا (١،٥٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار، لە گەڵ دەسەڵاتی داخستنی کارگێڕی شوێنکارەکە بۆ ماوەی (٣) سێ ڕۆژ بۆ (١٠) دە ڕۆژ، هەروەها بەرپرسی بنکەکانی پشکنین و بەدواداچون دەسەڵاتی پێبژاردنیان هەیە بە بڕی (٥٠) پەنجا هەزار تا (١،٠٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن دینار لەگەڵ دەسەڵاتی داخستنی کارگێڕی بۆ ماوەی (٣) ڕۆژ بۆ (١٠) ڕۆژ (ماددەی ٣، لە ڕێنمایی ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٢١، ڕێنمایی چاودێری بازرگانی). هەر لەسەر ئەم بنەمایەش، بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی سلێمانی لە کاتی هەڵمەتەکانی پشکنین بۆ بازاڕ و کارگەکانی بەرهەمهێنانی کاڵای خۆراکی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٣/٣١، بڕیاردرا بە داخستنی کارگەیەکی دروستکردنی شیرینی لە شاری سلێمانی، بە هۆی ئەوەی لە ئەنجامی پشکنینەکاندا دەرکەوت کە پابەندی پاک و خاوێنی و مەرج و ڕێنماییە تەندروستییەکان نەبوە و، بۆیەش دەست بەسەر بەرهەمی خۆراکی خراپ بودا گیرا و پسوڵەی سەرپێچی بۆ کراو. لە چەندان نمونەی دیکەی هاوشێوەدا لیژنە پەیوەندیدارەکان لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ڕێککاری کارگێڕییدا بڕیاریانداوە بە دەستبەسەرداگرتنی کەلوپەلی ماوە بەسەرچو و ڕاگرتن و داخستنی شوێن و کارگە بازرگانیەکان بەئامانجی پاراستنی مافەکانی بەکاربەر(کاروچالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاودێری وبازرگانی سلێمانی،٢٠٢٤،https://www.facebook.com/share/p/16EwiyDC3q/)، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی گرێدراو بە وەزارەتی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان سەرەڕای ئەوەی لقی لە هەمو پارێزگاکاندا هەیە، نەتوانراوە لقی لە هەمو کارگێڕییە سەربەخۆکان بکرێتەوە، بەشێوەیەك تا کاتی نوسینی ئەم توێژینەوەیە بەڕێوەبەرایەتیەکە لقی لە ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕیندا نییە، کە بێگومان ئەمەش کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسەر بەکاربەری ئەو سنورە لەڕوانگەی دواکەوتنی مامەڵەکردن لەگەڵ سکاڵای بەکاربەران و زیادبونی چالاکییە نایاساییەکان و هۆشیاری بەکاربەران دروستدەکات.

### ٣.١.٢. ڕۆڵی وەزارەتی تەندروستی لە پاراستنی بەکاربەران

هاوشێوەی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی سەرەکی لە پاراستنی بەکاربەران دەبینێت لە ڕێگەی کۆمەڵێک ڕێکارەوە، کە ئامانج لێیان دڵنیابونە لە سەلامەتی و تەندروستی بەکاربەران و کۆنترۆڵکردنی کوالێتی بەرهەمە دەرمانی و خۆراکییەکان و دامەزراندنی تاقیگەی پێشکەوتو، و دابینکردنی ئاسایشی خۆراک و سنوردارکردنی هەر کارێک کە ڕەنگە کاریگەری نەرێنی لەسەر تەندروستی بەکاربەران هەبێت، وەزارەتەکە بە پشت بەستن بە یاسا کارپێکراوەکان لە هەرێمی کوردستان،کاردەکات بۆ ڕێکخستنی کەرتی تەندروستی گشتی و چاودێریکردنی بەرهەمە بەکاربەرییەکان، لەوانە بەرهەمە خۆراکییەکان و بەرهەمە دەرمانییەکان و خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان، بۆ دڵنیابون لە پابەندبونیان بە پێوەرە تەندروستییە پەسندکراوەکان، لە دیارترینی ئەو یاسایانەی کە وەزارەت لە کارەکانیدا پشتی پێدەبەستێت بریتین لە یاسای وەزارەتی تەندروستیی ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠٧، و یاسای تەندروستی گشتی ژمارە ٨٩ی ساڵی ١٩٨١ی فیدراڵیی،کە تیایدا دوپاتی مافی بەکاربەران بۆ بەدەستهێنانی بەرهەم و خزمەتگوزارییە سەلامەت و تەندروستەکان دەکاتەوە، هەروەها دەسەڵاتی فراوان دەداتە دەسەڵاتی کارگێری و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ چاودێریکردنی بازاڕەکان و قوتابخانەکان و شوێنە گشتییەکان و سزادانی سەرپێچیکاران(ماددەی دوەم لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠٧). لەهەمان کاتدا، وەزارەتی تەندروستی لە چوارچێوەی بەرپرسیارییەتیەکانیدا لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵکردنی هێنان و دروستکردنی دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشکی KMCA و هاوکاری لایەنە پەیوەندیدارەکان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ پشکنین بۆ بەرهەمە خۆراکی و تەندروستییەکان ئەنجام دەدات بۆ ڕێگریکردن لە ئەنجامدانی ڕیکلامی چەواشەکارانە و دڵنیابون لە دروستی کۆگاکردن و نەبونی هەر ماددەیەک کە زیان بە تەندروستی بەکاربەران بگەیەنێت، هەروەها لە پێناو پاراستنی تەندروستی بەکاربەران بازاڕی دەرمانسازی ڕێکدەخات بە تۆمارکردنی دەرمانی هاوردەکراو و ئەنجامدانی ئامادەکارییە پزیشکییەکان بۆ دڵنیابون لە پابەندبونیان بە ستانداردە پزیشکییەکان، و دابەشکردنی هەر دەرمانێکی ساختە یان بێ مۆڵەت قەدەغە دەکات و شێوازی کۆگاکردنی بەرهەمە دەرمانییەکان و پێداویستییە پزیشکییەکان و ماددە تاقیگەیی و کیمیایی و بەکترۆلۆژییەکان و ماددەکانی تایبەت بە بواری پزیشکی دادان لە ڕوی هەبونی مەرجە تەندروستی و زانستییەکانەوە دیاریدەکات وەک پلەی گەرمی و شێ و ڕوناکی و بونی ئامێرەکانی هەواگۆڕکێ و ئاگرکوژێنەوە، لەم چوارچێوەیەشدا پشکنینی کتوپڕ بۆ دەرمانخانە و کۆگا پزیشکییەکان

ئەنجامدەدات لە پێناو پابەندبونیان بە مەرجە یاساییەکان و دڵنیابون لە نەبونی دەرمانی بەسەرچو یان سەرچاوە نادیار و بونی مەرجە یاسایی و تەندروستییەکانی بە پاکەتکردن و پێچانەوەی بەرهەمەکان و بونی زانیاریە پێویستییەکان لەسەر بەرهەمەکان وەک ناوی زانستی و بازرگانی،بڕی مادده کانزاکانی ناوی،پلەی ترسناکی،ناوی وڵاتی سەرچاوە، ڕێکەوتی دروستکردن و بەسەرچون، شێوازی بەکارهێنانی، شێوازی هەڵگرتنی (ماددەکانی ٣ و ١٤، لە ڕێنمایی ژمارە ٩ی ساڵی ٢٠٢٣ ڕێنمایی بەرهەمی دەرمانسازی/ پزیشکی)،(ماددەکانی ١ و ٣ برگەی ١ و ٤ برگە ٢، لە ڕێنمایی ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٦ تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی هاوردەکردنی دەرمان و تەواوکەری خۆراکی و دەرمانی گیایی و پێداویستیە پزیشکییەکان)، جگە لەوەش وەزارەت گرنگییەکی زۆر بە چاودێریکردنی خزمەتگوزارییەکانی چاودێری تەندروستی دەدات لە نەخۆشخانە و ناوەندە تەندروستییەکان و کلینیکە تایبەتەکان، جا چ لە ڕوی لێهاتویی کارمەندانی پزیشکی بێت یان لە ڕوی دەرمان و کەرەستەی پزیشکی بێت بۆ چارەسەری بەکاربەران، ان بۆ ڕێگریکردن بێت لە ئیستیغلالکردنی بەکاربەران لە کەرتی تەندروستیدا وەک سەپاندنی نرخی نایاسایی بۆ خزمەتگوزاریە تەندروستییەکان، یان فرۆشتنی دەرمان بە نرخێکی زیاتر لە نرخی دیاریکراو لە لایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە، لەسەر ئەم بنەمایەش بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی لە بڕیارێکیدا بە ژمارە ١٧٣٥٢لە ٢٠١٩/١١/١٠ بڕیاریدا بە قەدەغەکردنی ئەنجامدانی نەشتەرگەری لە بەیانیاندا لە نەخۆشخانە تایبەتەکان (ڕێنمایی ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە ڕێکخستنەوەی نرخ و ڕێژە و شایستەکان لە نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی کەرتی تایبەت)، لەلایەکیترەوە وەزارەت هەڵمەتی هۆشیاری ڕێکدەخات بە ئامانجی ئاگەدارکردنەوەی بەکاربەران لە مافە تەندروستییەکانیان و ڕێنمایی کردنیان بۆ چۆنییەتی هەڵبژاردنی خۆراکی سەلامەت و بەرهەمە دەرمانییەکان و پێدانی ڕێنمایی بۆ چۆنییەتی تۆمارکردنی سکاڵا لە دژی سەرپێچیکاران(ماددەی ٤ لە یاسای ماف و ئەرکەکانی نەخۆش ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٢٠) هەروەها هەماهەنگی دەکات لە گەڵ دامەزراوە کارگێڕییە پەیوەندیدارەکان وەک وەزارەتی بازرگانی و شارەوانی و دەستەی ژینگە بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی یەکگرتو بۆ ڕێکخستن و بەرهەمهێنانی بەرهەمە پزیشکی و گیا دەرمانییەکان، لەوانە پێدانی مۆڵەت بۆ کارگە و دوکان و ئەو شوێنکارانەی کە بەرهەمی گیادەرمانی و بەرهەمە پزیشکی و دەرمانییەکان بەرهەم دەهێنن و دەفرۆشن بە ئامانجی دڵنیابون لە مەرجە یاسایی و تەندروستییەکان وەک پێویستی بونی پزیشکی دەرماسازی مۆڵەتدراو یان دەستبەردار(متفرغ) وەک بەڕێوەبەری کارگە و پێویستی بونی پزیشکی گشتی یان دەرمانساز و دەرچوانی کۆلێژی زانست و بەشەکانی ڕوەک ناسی و زانستی خۆراک لە کۆلێژی کشتوکاڵ بۆ کردنەوەی شوێنەکانی فرۆشتنی دەرمانە گیاییەکان، و دڵنیابون لە دابینکردنی مەرجە سەلامەتی و پیشەییەکان بۆ کرێکاران لە ڕوی جل و بەرگ و بڕوانامەی سەلامەتی جەستەیی ساڵانە و بونی مەرجە هونەری و تەندروستییەکان و قەدەغەکردنی هەمو جۆرە چارەسەرییەکی پزیشکی لەو شوێنانە، بێگومان ئەمەش لەگەڵ مافی بەکاربەر بۆ بەرهەمێکی سەلامەت یەکدەگرێتەوە کە یەکێکە لە دیارترین مافەکانی بەکاربەر لە ئاستی نێودەوڵەتی و نێوخۆیدا(ماددەکانی ٤ و ٥/ ٢، ٧، لە ڕێنمایی مۆڵەت پێدانی بەرهەمی گیایی و ڕوەکی سروشتی و شێوەی دەرمانسازی و قوتوبەندکردنی دەرمانی گیایی ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٩)، سەبارەت بە نەخۆشی و کۆنترۆڵکردنی پەتاکان، وەزارەتی تەندروستی ستراتیژی خۆپارێزی جێبەجێدەکات بە ئامانجی سنوردارکردنی بڵاوبونەوەی نەخۆشییە درمەکان، ئەمەش بریتییە لە سەپاندنی ڕێکاری توندی پشکنین لەسەر هاوردەکردنی دەرمان و خۆراک، و دابینکردنی ڤاکسین و چارەسەری پێویست و سەپاندنی کۆنترۆڵی تەندروستی توند لەسەر دامەزراوەکانی ئامادەکردن و فرۆشتنی دەرمان و خۆراک(ماددەی دوەم / برگەی سێیەم و چوارەم لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠٧)، جێگەی ئاماژەیە کە پەیکەری کارگێڕی وەزارەت پێک دێت لە دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی لە هەریەک لە پارێزگا و کارگێڕییە سەربەخۆکان لە سۆران و گەرمیان و زاخۆ و ڕاپەڕین، کە لە ئاستی نێوخۆیدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن بۆ چاودێریکردنی بازاڕ و شوێنکارە بازرگانی و ئابورییەکان لە ڕێگەی لیژنەکانی چاودێری لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی خۆپاراستن گرێدراو بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی لە پارێزگا و کارگێڕییە سەربەخۆکان، بە ئامانجی پابەندکردنی بەرهەمهێنەران و دابینکەران بە یاسا و ڕێساکان و سزادانی سەرپێچیکاران لە پێناو پاراستنی تەندروستی بەکاربەراندا، لەسەر ئەم بنەمایەش بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی ڕاپەڕین لە کاتی ئەنجامدانی هەڵمەتەکانی پشکنین بۆ بازاڕ و کارگەکانی بەرهەمهێنانی کاڵای خۆراکی لە سنوری قەزای قەڵادزێ لە ڕێککەوتی ٢٠٢٥/٥/٢٢، بە بڕیاری ژمارە ٣٥٧ لە هەمان ڕێککەوت بڕیاریدا بە داخستنی کارگەیەکی دروستکردنی دۆ بەهۆی پابەندنەبونی بە مەرج و ڕێنماییە تەندروستییەکانەوە.

بە سەرنجدان لە ئەرکەکانی وەزارەتی تەندروستی لە بواری پاراستنی بەکاربەر چەندین ڕێنمایی و بڕیاری کارگێڕیی بە ئامانجی پاراستنی تەندروستی گشتی و بەکاربەران دەبینرێت، لەوانە ڕێنمایی چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پاشەڕۆی پزیشکی و لە ناوبردنیان بە ڕێگای تەندروست ژمارە ١٩ی ساڵی ٢٠٢٣، و ڕێنمایی و ڕێبەری لە ناوبردن و ڕیسایکلینی بەرهەم و دەرمانی پزیشکی ساختە و خەوشدار ژمارە ١ی

ساڵی ٢٠٢٣، و ڕێنمایی پێبژاردن و سەپاندنی پێبژاردنی کارگێڕیی بۆ ڕێکخستن و هێنان و دروستکردنی دەرمان لە لایەن لیژنەکانی بەشی چاودێری لە بازاڕی دەرمان و پێداویستی پزیشکی ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠٢٣، و ڕێنمایی هاوردەکردنی شیری وشک و خواردنەوە کهولییەکان و ڕۆن و زەیتی خۆراکی و خواردنەوە وزە بەخشەکان ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٢١، لەگەڵ بونی چەندین بڕیار لەوانە بڕیاری ژمارە ١٢٩١٥ لە ٢٠١٩/١٠/١٥، بۆ قەدەغەکردنی بەکارهێنانی کیسی نایلۆن و بەکارهێنانی کیسی کاغەز وەک جێگرەوە لە پێناو پاراستنی تەندروستی بەکاربەراندا، بەڵام تێبینی دەکرێت سەرەڕایی دەرچونی ئەم بڕیارە تا ئەم کاتە لە هەرێمی کوردستان جێبەجێناکرێت، بۆیە جەخت لەسەر گرنگی بەدواداچون بۆ جێبەجێکردنی دەکەین، بە لەبەر چاوگرتنی کاریگەرییە ڕاستەوخۆکانی لەسەر تەندروستی و سەلامەتی بەکاربەران، هەروەها جەخت لەسەر پێویستی پابەندبون بە هەمو بڕیارە پەیوەندیدارەکان دەکەینەوە کە ئامانجیان باشترکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی بەکاربەر و پێشخستنی پێوەرەکانی سەلامەتی و تەندروستییە.

بەم شێوەیە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بازاڕەکان ڕێکدەخات و ڕێگری لە قۆرخکاری دەکات و کوالێتی بەرهەمەکان کۆنترۆڵدەکات، لە کاتێکدا وەزارەتی تەندروستی بەپێی ستاندارده تەندروستییەکان سەرپەرشتی سەلامەتی خۆراک و دەرمان و بەرهەمە پزیشکییەکان دەکات. بەڵام سەرەڕای بەرز نرخاندن و پێشکەوتنی بەرچاو لە ئەدای ئەم دامەزراوە کارگێڕییانە، سیستەمی پاراستنی بەکاربەر لە ناوچەکەدا هێشتا بەدەست کۆمەڵێک ئالنگاری پێکهاتەیی و ڕێکخراوەییەوە دەناڵێنێت، دیارترینیان: لاوازی هەماهەنگی دامەزراوەیی نێوان دەزگا پەیوەندیدارەکان و نەبونی هۆشیاری کۆمەڵگا لە مافەکانی بەکاربەر و میکانزمەکانی سکاڵاکردنن، بەم پێیە پێویستییەکی بە پەلە دەبینین بۆ پەسندکردنی چاکسازی پێکهاتەیی لە وەزارەتەکانی بازرگانی و پیشەسازیی و تەندروستی، و تیایدا گرنگی بە بەهێزکردنی هەماهەنگی نێوان هەردوک وەزارەت بدرێت، بەوپێیەی لە نەبون و چالاک نەبونی ئەنجومەنی پاراستنی بەکاربەردا پشکی گەورە بەر ئەم دو دامەزراوە کارگێڕییە ناوەندییە دەکەوێت، بە ئامانجی بەهێزکردنی چاودێری و دامەزراندنی میکانزمی کاریگەر بۆ ڕێکخستنی بازاڕەکان و دروستکردنی سەکۆیەکی ناوەندی یەکگرتو بۆ وەرگرتنی سکاڵا و ئاسانکاری بۆ ڕێککارەکانی چاککردنەوە و گەڕانەوە و قەرەبوکردنەوەی بەکاربەر لە ئەگەری بونی کەموکوڕی لە بەرهەمە بەکاربەرییەکان، هاوتەریب لەگەڵ مۆدێلە ئەوروپییەکان وەک مۆدێلی فەڕەنسی، کە پۆرتاڵێکی ئەلیکترۆنی نیشتیمانی بۆ پاراستنی بەکاربەران دابین دەکات لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کێبڕکێ و کاروباری بەکاربەر و ڕێگریکردن لە ساختەکاری لە پانتایی سنوری جوگرافی وڵاتەکەدا، لە هەمانکاتدا وایدەبینین کە پەرەپێدانی چوارچێوەی یاسایی بەهێزکردنی هاوکاری نێوان وەزارەتەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە تایبەتی ئەوانەی لە بواری پاراستنی مافەکانی بەکاربەر کاردەکەن، نوێنەرایەتی هەنگاوێکی ستراتیژی دەکات بەرەو بنیاتنانی بازاڕێکی ڕێکخراو و سەلامەت و دادپەروەر و بەردەوام لە هەرێمی کوردستان بۆ گرینگیدان بە مافەکانی بەکاربەر وەک مافێک لە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، لە لایەکی ترەوە بۆ تەواوکردنی دیدگای چاکسازی پێشنیاری دامەزراندنی میکانزمی کاریگەر دەکەین بۆ بەدواداچون و چاودێریکردنی هەمو ئەو بڕیارانەی دەچنە خانەی خزمەتکردن بە بەکاربەران، لەگەڵ پەلەکردن لە کردنەوەی لقی ئەو دامەزراوە کارگێڕیانەی کە ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لە چاودێریکردنی بازاڕەکان و پاراستنی تەندروستی بەکاربەران، وەک بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و بازرگانی گرێدراو بە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی. بێگومان هەمو ئەمانەش هەنگاوێکی ستراتیژین بۆ گەیشتن بە بازاڕێکی ئابوریی ڕێکخراو و بەکاربەرێکی ئاگادار لە مافەکانی.

### ٣.٢. دەسەڵاتی ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی نێوخۆیی

هەرچەندە دامەزراوە کارگێڕییە ناوەندیەکان ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە لە پاراستنی بەکاربەردا، بەڵام ئەم ئەرکە تەنها بۆ ئەو دامەزراوانە سنوردار نەبوە، بەڵکو بەرپرسیاریەتێکی هاوبەش لە نێوان دەسەڵاتە کارگێڕییە ناوەندییەکان و نێوخۆییەکان هەیە، چونکە دەسەڵاتە کارگێڕییە نێوخۆییەکانیش ڕۆڵێکی گرنگ و تەواوکەر دەگێڕن بەوپێیەی ڕاستەوخۆ لە هاووڵاتیان و بەکاربەرانەوە نزیکترن، هەر ئەمەش وایکردوە باشتر لە پێداویستی و ئالنگاریەکان تێبگەن. بۆیە گرنگی ئەم دامەزراوە کارگێڕیانەش لە چەند لایەنێکدا بەرجەستە دەبێت، وەکو چاودێریکردنی مەیدانیی بازارەکان بۆ دڵنیابون و پابەندبونی دامەزراوە بازرگانیەکان بە یاسا و ڕێساکان و مۆڵەتدان بە دامەزراوە بازرگانی و پیشەسازی و شوێنکارە پیشەییەکان دوای ئەوەی کە هەمو مەرجە سەلامەتی و پیشەییەکان جێبەجێدەکرێن، تەنانەت بەردەوام مۆڵەتی کارکردن نوێدەکەنەوە بە ئامانجی بەردەوامی پابەندبون بە مەرجە تەندروستییەکان، سەرەڕای بەردەوامی بڵاوکردنەوەی هەڵمەتی هۆشیاری بۆ بەکاربەران و ڕێنمایی کردنیان بۆ چۆنیەتی پێشکەشکردنی سکاڵا، و هاوکاری لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بە پاراستنی بەکاربەران بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و شارەزایی.

لەم ڕوانگەیەوە، سروشتی دامەزراوەیی و کارکردنی دامەزراوە کارگێڕییە نێوخۆییەکان بۆ ئاسانکاری و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بە هاوولاتیان و بەکاربەران، لە یاسای وڵاتاندا جیاوازە، لە فەرەنسا بەپێی یاسای یەکە کارگێڕییە نێوخۆییەکانی (الوحدات المحلية) ساڵی ١٩٨٢، سیستمی کارگێڕیی نێوخۆی لە فەرەنسا پێکدێت لە ئەنجومەنی نێوخۆیی هەرێمەکان و ئەنجومەنی نێوخۆیی پارێزگا و ئەنجومەنی نێوخۆیی شارەوانیەکان(بربر،١٩٩٦،٦١)، بە پێی دەستوری فەرەنسی ساڵی ١٩٥٨ هەمواركراو لە ساڵی ٢٠٠٨، و یاسای تەندروستی ساڵی ١٩٠٢و بڕیارنامەی ٥ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٥٣ی تەواوکراو بە بڕیارنامەی ٣٠ی نۆڤمبەری ١٩٦١، پاراستنی تەندروستی گشتی ئەرکی دەسەڵاتە نێوخۆییەکانە، بەشێوەیەک کە پارێزگاری هەرێمەکان و سەرۆکی شارەوانییەکان مافی دەرکردنی پەیڕەوی ڕێککاری کارگێڕییان هەیە بۆ پاراستنی تەندروستی گشتی(المسعودي،٢٠١٤،١٢٠)، بەڵام پارێزگار باڵاترین دەسەڵاتە و نوێنەری حکومەتی ناوەندییە لە پارێزگادا، بۆ ئاڕاستەکردنی چالاکییەکانی لقەکانی وەزارەتەکان لە ناو پارێزگاکە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتە گشتییەکانی دەوڵەت،بەپێی یاسای شارەوانییەکانی ٥ی نیسانی ساڵی ١٨٨٤ پارێزگار دەسەڵاتی گرتنەبەری هەمو ڕێککارێکی کارگێڕیی هەیە لە سنوری پارێزگادا بۆ پاراستنی سیستمی گشتی و بەرپرسیاری جێبەجێکردنی یاسا و ڕێساکانە لە ناویشیاندا ئەوانەی پەیوەندیان بە پاراستنی بەکاربەرانەوە هەیە( Article 99, Loi du 5 avril 1884 relative à l'organisation municipale)، بەڵام سەرۆکی شارەوانی Le Maire بەرپرسی یەکەمە لە پاراستنی تەندروستی گشتی و سەلامەتی بەکاربەران لە تەواوی ئەو سنورەی لە ژێر دەسەڵاتیدایە، بە پۆلیسی نێوخۆی Police Locale ناودەبرێت-Articles (2212) (1، LOI n° (96-142)du 21 février 1996 relative à la partie Législative du code général des collectivités، بەو پێیە سەرۆکی شارەوانی دەسەڵاتی گرتنەبەری هەمو ڕێککارێکی کارگێڕیی و دەرکردنی هەمو جۆرە بڕیارێکی هەیە بۆ پاراستنی بەروبومی خۆراکی و پاراستنی سەلامەتی بازاڕەکان، و پاراستنی تەندروستی گشتی لە ناویشیاندا پاراستنی بەکاربەران. لەمبارەیەوە، ئەنجومەنی دەوڵەی فەرەنسی بڕیاریدا سەرۆکی شارەوانی دەسەڵاتی داخستنی هەر شوێنێکی هەیە کە زیان بە تەندروستی گشتی بگەیەنێت(بسيوني،٢٠٠٨،٨٢). بەم شێوەیە، هەرچەندە دەسەڵاتە نێوخۆییەکان ڕۆڵێکی گرنگ بۆ پاراستنی بەکاربەران لە فەرەنسا دەگێڕن، بەڵام بەرپرسیارێتی سەرەکی لە ئەستۆی دامەزراوە تایبەتمەندەکاندایە، وەکو بەڕێوەبەرایەتی گشتی کێبڕکێ و کاروباری بەکاربەران و ڕێگریکردن لە ساختەکاری(DGCCRF)، کە لقەکانی بڵاوبونەوە لە تەواوی خاکی فەرەنسا(DGCCRF,2001).

بەڵام لە هەرێمی کوردستان دەسەڵاتە نێوخۆییەکان لە هەریەک لە پارێزگا، قەزا، ناحیە پێک دێن و هەریەکەیان خاوەنی کەسایەتی واتایی (معنوی)ین و ئەنجومەنێکی خۆجییان هەیە و ناودەبرێن بە ئەنجومەنی پارێزگا و ئەنجومەنی قەزا و ئەنجومەنی ناحیە، لە دابەشکردنی دەسەڵاتەکانیشدا بەهرەمەندن لە پرەنسیپی نا ناوەندێتی، لە پێناو چاککردن و گەیاندنی خزمەتگوزاری گشتی بۆ هاووڵاتیان و بەکاربەران و پاراستنی ماف و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا. لەم ڕووەوە و پەیوەست بە ڕۆڵ و دەسەڵاتی ئەم یەکە کارگێڕیانە لە هەرێمی کوردستان بۆ پاراستنی بەکاربەران، ڕۆڵی ئەنجومەنی پارێزگا لە سەرەوەی هەرەمی ئەم دەسەڵاتانە دەردەکەوێت، چونکە ئەنجومەنەکە دەسەڵاتی چاودێرییە لەناو سنوری کارگێڕی پارێزگاکەدا و مافی ئەوەی هەیە بڕیار و پەیڕەو و ڕێنماییەکان دەربکات بۆ سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی پارێزگاکەی بەجۆرێک ناکۆک نەبێت لەگەڵ دەستور و یاسا کارپێکراوەکان لە هەرێمدا، بەمەش دەسەڵاتی نەخشەکێشانی سیاسەتی گشتی هەیە بۆ پارێزگاکەی خۆی، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکان و دانانی پلانی ستراتیژی و گەشەپێدانی، بەشێوەیەک لەگەڵ گەشەپێدانی هەرێمی و نیشتیمانیدا بگونجێت(ماددەی پێنجەم و شەشەم لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩). بۆیە ئەنجومەنی پارێزگاکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە پاراستنی بەکاربەر هەیە لە ڕێگەی ڕێکخستنی بازاڕەکان و بەرەنگاربونەوەی ساختەکاری و پێشخستنی کولتوری بەکارهێنانی عەقڵانی لە ناوچەکەدا، پێشنیاری ئەم کارانەش لە ڕێگەی لیژنەکانی ئەنجومەنەوە بەڕێوە دەچن، وەک چۆن لە پەیڕەوی نێوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دیاریدەکات کە یەکێک لە کارەکانی لیژنەی تەندروستی و ژینگە و کاروباری کۆمەڵایەتی بریتییە لە چاودێریکردن و بەدواداچون بۆ کێشەو گرفت و پرۆژەکانی بواری تەندروستی و دەرمانخانە و نۆرینگە پزیشکیەکان لە ڕوی جۆر ونرخەوە، بەڵام هیچ لیژنەیەک نابینرێت بە ناوی لیژنەی پاراستنی بەکاربەر بۆ پاراستنی مافەکانی بەکاربەر، تەنیا ئەوەی هەیە ناڕاسەوخۆ لە کاری ئەو لیژنانەوە بەدی دەکرێت بۆ پاراستنی بەکاربەران، بێگومان ئەمەش بۆشایی یاسایی و ڕێکخراوەیی دروست دەکات و کاریگەری نەرێنی لەسەر پاراستنی تەندروستی و ئابوریی و کۆمەڵایەتی بەکاربەران دەبێت، هێنانەکایەی ئەو لیژنەیە بە هەنگاوێکی پێویست دەبینین بۆ دڵنیابون لە دادپەروەری بازاڕ و شەفافیەت و پاراستنی مافە بنەڕەتیەکانی بەکاربەران(ماددەی ٣/أ/چوارەم لە پەیڕەوی نێوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)، بەڵام هاوشێوەی سیستمی یاسایی فەرەنسی پارێزگار بەرپرسی یەکەمی جێبەجێکردنە لە پارێزگاکەیدا، ئەرکی جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لە ئەستۆدایە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، لەگەڵ

جیبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی پارێزگا، بەرپرسیاری دابینکردنی ئاسایشی گشتی و پارێزەری سیستەمی گشتیە لە پارێزگاکەیدا و بۆی هەیە فەرمان بە پۆلیس و دەزگاکانی ئاسایش بکات بۆ لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەی لە ناوچەکەدا ڕوودەدەن بەپێی یاسا، لە ناویاندا ئەو تاوانانەی بەرامبەر بەکاربەران ئەنجامدەدرێن، سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی باش بەڕێوەچونی کاروباری فەرمانگە گشتییەکان و پشکنینیان دەکات جگە لەوانەی بەپێی یاسا بەدەرکراون، لە ناویاندا بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و بازرگانی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی کە بە پلەی یەکەم ئەرکی چاودێریکردن و پاراستنی بەکاربەریان لە ئەستۆدایە لە پارێزگاکەدا(ماددەی نۆزدەیەم و بیستەم و بیست و یەکەم لە یاسایی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان).هەروەها پارێزگار بە پێی ماددەی هەشتەم لە یاسایی پاراستن و چاککردنی ژینگە ژمارە ٨ی سالی ٢٠٠٨سەرۆکی لیژنەی پاراستن و چاککردنی ژینگەیە لە پارێزگاکەیدا، هەرچەندە یاساکە گرنگی بە پاراستنی ژینگە دەدات بەڵام چاوەڕواندەکرێت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر پاراستنی مافەکانی بەکاربەران هەبێت لە ڕێگەی سەرپەرشتیکردنی چالاکییە پیشەسازی و بازرگانییەکان و قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ماددە زیانبەخشەکان و سەپاندنی مەرجی ژینگەیی بەسەر چالاکییە پیشەسازی و بازرگانییەکان و بەشداریکردنی لە هەڵمەتی هۆشیاری ژینگەیی و تەندروستی گشتی و بەرزکردنەوەی هۆشیاری بەکاربەران لە مەترسییە ژینگەییەکانی پەیوەست بە بەرهەم و چالاکییە ناتەندروستەکان.

هاوشـــێوەی پارێزگاکان هەریەک لە قەزا و ناحییەکانیش ئەنجومەنی نێوخۆیان هەیە کە بەرپرســـن لە داڕشـــتنی ســـیاســـەتی گشـــتی و ســـەرپەرشـــتیکردنی بەرنامەی خزمەتگوزارییە گشـــتییەکان و بەڕێوەبردنی یەکە کارگێڕییەکەیان و ســـەرپەرشـــتیکردنی چالاکییە پەروەردەی و تەندروســـتییەکان لە ســـنوری کارگێڕی خۆییاندا (ماددەکانی هەشـــتەم و یانزەیەم لە یاســـای پارێزگاکانی هەرێمی کوردســـتان)، وەک چۆن هەریەک لە قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیە بەرزترین دەســـەڵاتی جێبەجێکردنن لە یەکە کارگێڕیەکەیاندا و جێبەجێکاری ئەو بڕیارانەن کە لە ئەنجومەنی خۆجێیەوە دەردەچن و ســـەرپەرشـــتی ڕاســـتەوخۆی فەرمانگە کارگێڕییەکان لە ســـنورەکەدا دەکەن، بەرپرســـن لە دابینکردنی ئاســـایشی-گشـــتی و پاراســـتنی ســـیســـتەمی گشـــتی، هاوکات دەســـەڵاتیان هەیە بۆ فەرمانکردن بە ئەندامانی پۆلیس و هێزە ئەمنییەکان بۆ لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەی لە ســـنورەکەدا ڕوودەدەن، هەمو ئەم کارانەشـــیان لە بواری پاراســـتنی بەکاربەراندا بریتین فەرمانکردن بە هێزە ئەمنییەکان بۆ ڕێگریکردن و دەســـتبەســـەرداگرتنی ئەو ئاژەڵەی لە دەرەوەی ســـەربڕخانەکان ســـەردەبڕدرێن و گۆشـــتەکەی دەفرۆشرێت بە بەکاربەران، هەروەها کۆنترۆڵکردن و ســـەرپەرشـــتیکردن و ئەنجامدانی پشـــکنین بۆ دوکان و بازاڕەکان و ڕێگریکردن لە دەســـتکاریکردنی نرخەکان و ساختەکاری بازرگانی و دڵنیابون لەوەی کە بازرگانان پابەندن بە یاساکانی پەیوەست بە پاراستنی بەکاربەران و دژە قۆرخکاری جا لە ڕێگەی لیژنە هەمیشـــەییەکانیانەوە بێت یان بە هاوکاری دامەزراوە کارگێرییەکانی تر بێت وەک بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و بازرگانی بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستن و تەندروستی(ماددەی بیست و چوار و بیست و پێنجەم لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان). لە نمونەیەکی جێبەجێکاری دەســـەڵاتە نێوخۆییەکان لەبواری پاراســـتنی مافەکانی بەکاربەر لە چوارچێوەی ڕێککاری کارگێڕییدا، ئەوەیە کە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١٢/١٥ لیژنە هاوبەشـــەکانی قائیمقامیەتی قەزای ڕانیە لەســـەر ســـکاڵای هاووڵاتیەک بەدواداچونیان کرد بۆ دو جۆر قاوەی (بن الحموی) بە مەبەســـتی گەیشـــتن بە دەرەنجامی تێســـتی فیزیایی و کیمیایی، کە لە پشـــکنینەکاندا دەرکەوت نمونەیەکیان شـــیاوە بۆ خواردن، بەڵام نمونەکەی تر لە ڕادەی کافاین و ڕادەی چەوری دەرنەچون و کوالێتیان نزمە، بۆیە لە بڵاوکراوەیەکیاندا ئاگاداری بەکاربەران کرایەوە بەوەی کە دەتوانن قاوەکە بگەڕێنەوە ئەگەر بە بابەتێکی کواڵیتی بەرز کڕیویانە، چونکە کوالێتی نزمە و بەهای خۆراکی نیە، بۆ ئەم مەبەستە ڕێککاری یاسایی لەبەرامبەر خاوەنەکەی گیرایەبەر و دەست بەسەر بەرهەمەکەدا گیرا (کاروچالاکییەکانی قائیمقامیەتی قەزای ڕانیە،٢٠٢٤، https://www.facebook.com/share/p/1BrkEawaej/)،لە لایەکی دیکەوە نابێت ڕۆڵی سەرۆکی شارەوانی و ئەنجومەنی شارەوانی وەک دەسـەڵاتێکی کارگێڕی نێوخۆی بۆ پاراسـتنی بەکاربەران لە بیر بکرێت، ئەم ڕۆڵەش لە ماددەی ٢٧ی یاسـای ژمارە ٦ی سـاڵی ١٩٩٣ی بەڕێوەبردنی شـارەوانییەکانی هەرێمی کوردسـتان دەردەکەوێت، بەشـێوەیەک ئەنجومەنی شـارەوانی هەڵدەسـتێت بە پاککردنەوەی شـەقام و شوێنە گشتییەکان و چاودێریکردنی کێشانەکانی پێوانە و کوالێتی کالا بەکاربرییەکان و دیاریکردنی مەرجەکان ومۆڵەتدان و دیاریکردنی شوێنی گونجاو بۆ شوێنی کردنەوەی بازاڕەکانی سەوزەو میوە و گۆشت و ماسی و سەربڕخانەکان.

بەشێوەیەکی گشتی لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی دەسەڵاتە نێوخۆییەکان بۆ پاراستنی بەکاربەران لە فەرەنسا و هەرێمی کوردستان، ئەوە ڕوندەکاتەوە کە دەسەڵاتە نێوخۆییەکان ڕۆڵی جیاواز لە پاراستنی بەکاربەراندا دەگێڕن بەهۆی جیاوازی سیستەمی یاسایی و ڕێکخراوەییەوە، لە کاتێکدا فەرەنسا مۆدێلێکی سەرکەوتو بۆ بەڕێوەبردنی پاراستنی بەکاربەران لەڕێگەی دەسەڵاتە نێوخۆییەکانەوە دابیندەکات لە ڕێگەی ڕونی دیاریکردنی دەسەڵاتەکان و یەکخستنی هەوڵەکان، ئەم ڕونییەی دەسەڵاتەکان بەشدارە لە کاریگەری سیستەمی ڕێکخستن و متمانەی بەکاربەران بە دەزگا

فەرمییەکان بەرزدەکاتەوە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان نا ڕونی دەسەڵاتەکان و لاوازی هەمەهەنگی هەرێمی کوردستان ڕوبەڕوی ئاستەنگ دەکاتەوە کە ڕێگرن لە پاراستنی مافەکانی بەکاربەران، چونکە دەسەڵاتە نێوخۆییەکان وەک لە پێشەوە بینیمان دەسەڵاتێکی ڕونی جێبەجێکردن و ڕێکخستنیان لە بواری پاراستنی بەکاربەردا نیە، زۆرجار ئەم ڕۆڵە سنورداره بە ئاڕاستەکردنی لقەکانی دامەزراوە کارگێڕییە ناوەندییەکان بەبێ ئەوەی ڕاستەخۆ بەشداری بکەن لە ڕێکخستنی بازاڕەکان و وەرگرتنی سکاڵا و بەڕێوەبردنی مەترسییەکانی پەیوەست بە بەرهەم و کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، تەنها چەند هەوڵێکی کەم هەیە ئەویش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە کاری لیژنەکانی ئەنجومەنی خۆجێی پارێزگاکان و لیژنە هاوبەشەکانی قەزاکانەوە دەبینرێت، بۆیە نەبونی ناناوەندێتی(لامرکزی) لە پاراستنی بەکاربەردا هەمو دەستپێشخەری و بڕیارەکان لە ناوەندا قەتیس دەکات و پێویستییەکی بەپەلە بەسەر هەرێمی کوردستاندا دەسەپێنێت بۆ ڕێکخستنەوەی کاری دەسەڵاتە نێوخۆییەکان لە بواری پاراستنی بەکاربەراندا لە ڕێگەی بەهێزکردنی دەسەڵاتە نێوخۆییەکان بۆ بەکارهێنانی دەسەڵاتی چاودێری کاریگەر و ڕێکخستنی بازاڕەکان بە سود وەرگرتن لە مۆدێلی فەرەنسی.

## ٥. کۆتایی

لە کۆتایی توێژینەوەکەمان لەژێر ناوی (ڕۆڵی ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی لە پاراستنی مافەکانی بەکاربەر) گەیشتینە کۆمەڵێک دەرەنجام و ڕاسپاردە بەم شێوەیە کورتیان دەکەینەوە:

### ٥.١. دەرەنجامەکان

١. ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی کۆی ئەو ڕێککارە ڕێکخراوەیی و ڕێوشوێنانەیە کە لە لایەن دەسەڵاتی کارگێڕییەوە گیراونەتەبەر بۆ دەستەبەرکردن و بە ئاسانی بەڕێوەچونی چالاکییە ئابورییەکان و بەدەستهێنانی هاوسەنگی لە نێوان ئازادی بازاڕ و پاراستنی بەرژەوەندی گشتی، لەوانەش مافەکانی بەکاربەران.

٢. فراوانبونی سیستمی سەرمایەداری جیهانی و کرانەوەی بازاڕەکان و ئاسانکاری ڕۆیشتنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، ڕۆڵی دەوڵەتی لە دەوڵەتی دەستێوەردانکەر گۆڕیوە بۆ دەوڵەتی ڕێکخەر و پارێزەر، بە تایبەتی لە بواری پاراستنی بەکاربەردا، چونکە دیاردەی جیهانگیری بەتایبەتی لە وڵاتە تازە پێشکەوتوەکان، بوە هۆی هاتنە ناوەوەی کۆمپانیا فرە نەتەوەییەکان و زیادبونی پابەندییە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان و باڵادەستی بەرژەوەندییە بازرگانییە بەهێزەکان لە نەبونی ڕێکخستنێکی یاسایی کاریگەردا، ئیتر دەوڵەتان ناتوانن کۆنترۆڵی تەواو بەسەر بازاڕدا بسەپێنن، لەم چوارچێوەیەشدا ڕێکخستنی ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی وەک ئامرازێکی جێگرەوە و پێویست بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی بەکاربەر بەبێ سنوردارکردنی ئازادی بازاڕ سەرهەڵدەدات و ڕۆڵی دەوڵەت دەگۆڕێت بۆ ڕۆڵی ڕێکخەری بازاڕ لە ڕێگەی دەرکردنی ڕێسا و یاسا بۆ ڕێکخستنی بازاڕ و دەرکردنی پێوەر بۆ هاوردە و هەناردەی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان و بەرزکردنەوەی شەفافیەت و کۆنترۆڵکردنی کوالێتی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان و بەرەنگاربونەوەی ساختەکاری و چەواشەکاری لە کاری بازرگانیدا.

٣. لە ژێر ڕۆشنایی ئەزمونی فەرەنسیدا، دەوڵەت توانیویەتی لە ڕێگەی دامەزراوە کارگێڕییە بەهێزەکانییەوە وەک بەڕێوەبەرایەتی گشتی کێبڕکێ و کاروباری بەکاربەر و بەرەنگاربونەوەی ساختەکاری هاوسەنگی لە نێوان کراوەیی ئابوریی و پاراستنی بەکاربەراندا دروست بکات، کە دامەزراوەیەکی کارگێڕی تایبەتمەندی حکومەتی فەرەنسایە, و وەک دامەزراوەیەکی کارگێڕی ناوەندی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە گەیشتن بە هاوسەنگی لە نێوان ئازادی بازاڕ و پاراستنی بەکاربەراندا، و ئەرکەکانی چاودێریکردنی بازاڕ و بەرهەمە خۆراکی و پیشەسازی و تەندروستییەکان و وەرگرتنی سکاڵای بەکاربەران لە ئەستۆ دەگرێت و بەرەنگاری چالاکییە بازرگانییە چەواشەکارییەکان و ساختەکاری بازرگانی و ڕیکلامی ساختە دەبێتەوە، و چالاکییەکانی هەمو کەرتەکان و هەمو ئاستەکانی بەرهەمهێنان و هاوەدەکردن و دابەشکردنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان دەگرێتەوە، و لە دۆسییە ئاڵۆزەکاندا هەمەهەنگی لەگەڵ وەزارەت و دامەزراوە کارگێڕییەکان دەکات وەک وەزارەتی کشتوکاڵ و دەزگای سەلامەتی خۆراکی فەرەنسی، و هاوکاری و زانیاریان لێوەردەگرێت.

٤. سەرەڕای ئەوەی ماددەی ٤ لە یاسای پاراستنی بەکاربەری عێراق ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٠، بەڕونی دامەزراندنی ئەنجومەنی پاراستنی بەکاربەرانی وەک دامەزراوەیەکی کارگێڕی ناوەندی و سەربەخۆی کارگێڕیی و دارایی گرێدراو بە ئەنجومەنی وەزیران دیاریکردوە، بەڵام هێشتا ئەم ئەنجومەنە لە هەرێمی کوردستان چالاک نەکراوە، سەرەڕای ئەوەی یاساکە بەشێوەیەکی فەرمی لە هەرێمی کوردستاندا جێبەجێدەکرێت بەپێی یاسای ژمارە ٩ی ساڵی ٢٠١٠، نەبونی ئەم ئەنجومەنەش نوێنەرایەتی کەلێنێکی دامەزراوەیی ڕون دەکات و کاریگەرییەکانی کورت

دەبنەوە لە نەبونی سیاسەتێکی گشتی یەکگرتو، و دەسەڵاتێکی ناوەندی کە سەرپەرشتی دارشتنی ئەو سیاسەتی گشتییە بکات بۆ پاراستنی بەکاربەران، نەبونی ژێنگەیەکی ڕێکخستن و هەمەهەنگی یەکگرتو لە نێوان دامەزراوە کارگێڕییە پەیوەندیدارەکان، نەبونی بنکەیەکی زانیاری یەکگرتو یان میکانزمێک بۆ وەرگرتنی سکاڵای بەکاربەران لەسەر ئاستی نیشتیمانی.

٥. لە گەڵ ناچالاکی ئەنجومەنی پاراستنی بەکاربەر لە هەرێمی کوردستاندا، دامەزراوە کارگێڕییە ناوەندیی و نێوخۆییەکان بەرپرسیاریەتی پاراستنی بەکاربەران لە ئەستۆ دەگرن، لە گرینگترین دامەزراوە کارگێڕیەکان لە ئاستی ناوەندیدا ئەو وەزارەتانەن کە پەیوەندیدارن بە بازرگانی و تەندروستییەوە، وەزارەتی بازرگانی ئەرکی چاودێری سنوردار لە بوارەکانی کۆنترۆڵکردنی نرخ و مۆڵەتی بازرگانی و چاودێریکردنی ساختەکاری بازرگانی ئەنجام دەدات، و لە چوارچێوەی پێکهاتەی وەزارەتدا هیچ بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی تایبەتمەند بۆ پاراستنی بەکاربەران نیە، ئەمەش هەوڵەکان پارچە پارچە و نا سیستەمی دەکات، وەزارەتەکە هەندێک هەڵمەتی مەیدانی ئەنجامدەدات، بەتایبەتی لە ڕێگەی فەرمانبەرانی چاودێری بازرگانییەوە، بەڵام ئەو پێکهاتە یاسایی و دامەزراوەییەی نیە کە دەسەڵاتی فراوانی پێببەخشێت، وەک ئەوەی لە فەرەنسا بەڕێوەبەرایەتی گشتی کێبڕکێ و کاروباری بەکاربەر و بەرەنگاربونەوەی ساختەکاری هەیەتی، چونکە تا ئێستا بەڕێوەبەرایەتییەکە لقی لە سەرجەم کارگێڕییە سەربەخۆکانی هەرێمدا نیە، هەروەها وەزارەتی تەندروستی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە چاودێریکردنی سەلامەتی دەرمان و خۆراک و تەواوکەری خۆراک و بەرهەمە پزیشکییەکان، بەڵام زۆرجار پرۆسەکانی چاودێریکردن سەرنج دەخەنە سەر ڕەهەندی تەندروستی بەبێ ئەوەی لایەنە ئابوریی و بازرگانییەکانی بەکاربەر بگرێتەوە، وەزارەت میکانزمێکی کاریگەری نیە بۆ هەمەهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ پاراستنی بەکاربەر.

٦. ڕۆڵی دەسەڵاتە نێوخۆییەکان لە پاراستنی بەکاربەردا توخمێکی بنەڕەتییە بۆ کاریگەربونی ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی، بەڵام سروشتی ئەم ڕۆڵە جیاوازیەکی بەچاوی هەیە لە نێوان سیستەمی یاسایی فەرەنسی و هەرێمی کوردستاندا، لە فەرەنسا دەسەڵاتە نێوخۆییەکان هاوبەشی دامەزراوەیی ڕاستەقینەن لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی پاراستنی بەکاربەر، بەوپێیەی دەسەڵاتی ڕونیان پێدراوە بۆ چاودێریکردن و ڕێکخستنی بازاڕەکان و وەڵامدانەوەی خێرا بۆ سکاڵای بەکاربەران لە چوارچێوەیەکدا کە لەگەڵ دەسەڵاتە ناوەندییەکان هەمەهەنگ کراوە، هاوکات دەسەڵاتە نێوخۆییەکان لە هەرێمی کوردستان سەرەڕای ئەوەی بەپێی یاسای پارێزگاکان ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩ ڕێکخراون، هیچ دەسەڵاتێکی ڕاستەقینە لەم بوارەدا بەکارناهێنن، بەدەست نەبونی ڕۆڵێکی ڕون و رونی یاسایی و ڕێکخراوەیی لەم بوارەدا دەناڵێنن، ئەمەش توانای ئەم دەسەڵاتانە سنوردار دەکات بۆ وەڵامدانەوەی کاریگەر بۆ پێشێلکارییە ئابوریی و تەندروستییەکان کە بەرامبەر بەکاربەر ئەنجامدەدرێن، زۆرجار ڕۆڵیان سنوردارە بە ئاراستکردن و چاودێریکردنی لقی دەسەڵاتە ناوەندییەکان بەبێ بونی دەسەڵاتی چاودێری سەربەخۆ و ئامرازی جێبەجێکردنی یاسایی خۆیان، ئەم نارونی یاسایی و دامەزراوەییە ڕۆڵ و کاریگەری سیستەمی پاراستنی بەکاربەران لە ئاستی نێوخۆیدا لاواز دەکات.

### ٥.٢. ڕاسپاردەکان

لەسەر بنەمای دەرەنجامەکان و بەرزکردنەوەی ڕۆڵی ڕێککاری کارگێڕیی ئابوریی بۆ پاراستنی بەکاربەران لە هەرێمی کوردستان ئەمانەی خوارەوە پێشنیار دەکەین:

١. پەلە بکرێت لە کاراکردنی ئەنجومەنی پاراستنی بەکاربەر وەک ئەوەی لە ماددەی ٤ لە یاسای پاراستنی بەکاربەری عێراقی، بەرکار لە هەرێمی کوردستاندا هاتوە، چونکە نەبونی ئەم ئەنجومەنە نوێنەرایەتی نەبونی چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی دەکات و ڕێگری دەکات لە هەمەهەنگی کاریگەر لە نێوان دەزگا و دامەزراوە کارگێڕییە جۆراوجۆرەکان و یەکێتی و سەندیکا بازرگانی و پیشەییەکان،وەک ئەوەی لە برگەی دوەم/ أ و ب/ ماددەی چوارەمدا هاتوە، وەک تاکە ئامرازی یاسایی و ڕێکخراوەیی بۆ کۆکردنەوەی هەمو لایەنە پەیوەندیدارەکان لەژێر یەک چەتری دامەزراوەیدا بۆ دڵنیابون لە هەمەهەنگی و چالاککردنی میکانزمەکانی پاراستن.

٢. کاربکرێت بۆ هەموارکردنەوە و دارشتنەوەی ئەرک و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پاراستنی بەکاربەر، بە ئامانجی هاوسەنگ بونی لەگەڵ گۆڕانکارییە ئابورییە مۆدێرنەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەتایبەتی لەژێر ڕۆشنایی گەشەی بازرگانی ئەلکترۆنی و تێکچونی هاوسەنگی لە پەیوەندییەکانی بازاڕدا، هاوکات پێشنیار دەکەین پێداچونەوە بە ئەرک و دەسەڵاتەکانی لیژنەکانی پشکنین و هەموارکردنەوەی سزا بڕیارلێدراوەکانی یاساکە بکرێت بە ئامانجی بەهێزکردنی سزاکان و هاوسەنگ کردنیان لەگەڵ توندی سەرپێچییەکان، لەگەڵ زیادکردنی سزا کارگێڕییەتایبەتەکان وەک سزای دەستبەسەرداگرتن و لەناوبردنی بەرهەمی ساختە.

٣. پێشنیار دەکەین کاربکرێت بۆ هەموارکردنەوەی چوارچێوەی یاسایی و ڕێکخراوەیی هەردو وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، بە ئامانجی بەهێزکردنی ڕۆڵیان لە پاراستنی بەکاربەران، لە ڕێگەی هێنانەکایەی بەرێوەبەرایەتی تایبەت بە پاراستنی بەکاربەران و بەدیهێنانی هەمەهەنگی کاریگەر لە نێوانیاندا لە لایەک ولە نێوان دامەزراوە کارگێڕییەکانی دیکە لە لایەکی ترەوە. لە سەروی ئەمانەش پێویستە کاربکرێت بۆ پەرەپێدانی ئامرازەکانی چاودێریکردن و جێبەجێکردن بە دەرکردنی ڕێسای جێبەجێکردنی هاوبەش لە نێوان هەردو وەزارەتەکەدا بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانیان بە شێوەیەکی گشتگیر و یەکخستنی میکانزمەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و لێکۆڵینەوە و وەڵامدانەوەی پێشێلکارییەکان و پەرەپێدانی توانای کارمەندان لە ڕوی کارگێڕیی و تەکنیکی بە ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان و دابینکردنی توانای تەکنۆلۆژی و مادی گونجاو بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانیان .

٤. پێشنیاری هەموارکردنەوەی ڕێساکانی دەسەڵاتە کارگێڕییە نێوخۆییەکان دەکەین لە یاسایی ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا، پەیوست بە دەسەڵاتیەکانی ئەنجومەنە خۆجێیەکان و سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان، بە ئامانجی لەخۆگرتنی بڕگەی یاسایی ڕون کە دەسەڵاتی دەسەڵاتە نێوخۆییەکان لە بواری پاراستنی بەکاربەردا لەخۆ بگرێت، بۆئەوەی بتوانن ڕێنمایی نێوخۆیی پەیوەست بە ڕێکخستنی بازاڕ و کۆنترۆڵکردنی نرخ و دڵنیابون لە کوالێتی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان دەربکەن و لیژنەی پاراستنی بەکاربەری نێوخۆی لە ئەنجومەنە نێوخۆییەکان دروستبکرێت و ئەرکی چاودێری و هەمەهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و وەڵامدانەوەی سکاڵای بەکاربەرانیان هەبێت، چونکە هەرێمی کوردستان پێویستی بە گرتنەبەری مۆدێلێکی هاوبەشی هەیە کە داڕشتنی سیاسەت لەسەر ئاستی ناوەندی لەگەڵ جێبەجێکردنی کرداری کاریگەر لەگەڵ ئاستی نێوخۆی تێکەڵ بکات.

٥. پێشنیاری گرتنەبەری ڕێبازێکی یەکگرتوی بەکۆمەڵ بۆ پاراستنی بەکاربەر دەکەین لەسەر بنەمای بەشداریکردنی هەمو لایەنە پەیوەندیدارەکان، لە پلەی یەکەمیشدا کۆمەڵەکانی پاراستنی بەکاربەر و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا و کەناڵە میدیاییەکان دێن، ئەمەش بە چالاککردنی ڕۆڵی کۆمەڵەکانی پاراستنی بەکاربەر لە ڕێگەی پاڵپشتی یاسایی و دارایی حکومی و پێشخستنی هۆشیاری بەکاربەر لە ڕێگەی پرۆگرامی خوێندن و میدیاوە دەبێت، بە ئامانجی بەدەستهێنانی سیستەمێکی کاریگەر بۆ پاراستنی بەکاربەر، بێگومان ئەمەش تەنها لە ڕێگەی بەرپرسیاریەتی بەکۆمەڵ و دامەزراوەییەوە دەتوانرێت بە دەستبهێنرێت لەسەر بنەمای یاسادانان و هۆشیارکردنەوە و یەکگرتن لە نێوان کەرتی گشتی و کۆمەڵگادا.

### ٦. لیستی سەرچاوەکان:


ابراهيم، د.عبدالمنغم موسى(٢٠٠٧) حماية المستهلك، ط١،منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت-لبنان.

بربر،د. كامل (١٩٩٦) نظم الادارة المحلية، دراسة المقارنة، ط١،الموسسة الجامعية للدراسات، بيروت-لبنان.

بسيوني،عبدالرحمان هاشم(٢٠٠٨)نظرية الضبط الاداري في النظم الوضعية والشريعة الاسلامية، ط١،دار الفكر العربي،الاسكندرية-مصر.

الجبوري، د.ماهر صالح علاوي، د.س.ن، مبادى القانون الاداري،ب.ر.ط،المكتبة القانونية، العاتك، بغداد-العراق.

الحسيني، د. محمد طه حسين(٢٠١٧)الوسيط في القانون الاداري، ط١، ج١،زين الحقوقية والادبية.ش.م.م،، بيروت-لبنان.

حمەكريم و سعيد،د.زانا رئوف و استاذنا د. دانا عبدولكريم (٢٠١٦)المبادى العامة في القانون الادارى،الكتاب الاول،ط١، مكتبة يادگار، السليمانيلة-العراق.

صبري،شامير محمود(٢٠١٨)مشروعية الضبط الاداري الخاص لحماية الامن العام، المركز العربي، القاهرة-مصر.

علي،د. السيد محمد السيد(٢٠٢٤) حماية المستهلك و ضوابط السوق والتسويق في الاقتصاد الاسلامي،، ط١،دارالخليج للنشروالتوزيع، الامارات.

الجبوري، فوزي حسين سليمان (٢٠٢٤) الاغراض غير التقليدية للضبط الاداري، ط١،هاتريك، اربيل-العراق.

لطفي، د. شريف (١٩٩٤) حماية المستهلكين في الاقتصاد السوق، ط٢،دار الشروق، القاهرة-مصر.

وسمان، بنار كريم (٢٠٢٠) الرقابة على حماية المستهلك،دار الجامعة الجديدة، الاسكندرية-مصر.

احمد،امانج رحيم (٢٠٠٨) حماية المستهلك في نطاق العقد، اطروحة دكتوراة، جامعة السليمانية، العراق.

جمال،حملاجي (٢٠٠٦) دور اجهزة الدولة في حماية المستهلك على ضوء التشريع الجزائري و الفرنسي، مذكرة الماجستير، جامعة محمد بوقرة بومرداس، الجزائر.

سعدية،قني (٢٠٠٩) جرائم الإضرار بمصالح المستهلك، مذكرة الماجستير،جامعة محمد خيضر – بسكرة، الجزائر.

الشمري،صفاء حسين خضير(٢٠١٥) سلطة الإدارة في حماية المستهلك في العراق، أطروحة الدكتوراه، جامعة بغداد،العراق.

محمد، سويلم (٢٠١٨)سلطة الادارة في حماية النظام العام الاقتصادي، اطروحة دكتوراة، جامعة غرداية،الجزائر.

المسعودي،اياد سعود هاشم عبد (٢٠١٤) دور الادارة المحلية في حماية البيئة في التشريع العراقي،دراسة المقارنة،مذكرة الماستر،جامعة كربلاء، العراق.

يحي و حسين، زمولي و بوعلاق (٢٠١٨) الضبط الاداري في مجال حماية المستهلك،مذكرة الماستر، جامعة العربي-تبسة،الجزائر.

يعقوب،محمد كامل (٢٠٢٠) سياسة حماية المستهلك في ظل الممارسات التجارية،رسالة الماجستر،جامعة الشهيدحمه لخضر-الوادي،الجزائر.

جاسم،رشا عبدالرزاق(٢٠٢٣) اساليب الضبط الاداري و دورها في الحد من ظاهرة التسول، مجلة الحقوق،المجلد ٤٦،العدد ٤٢.

حفري، اندرو ميشيل يوسف(٢٠٢٤)مفهوم المستهلك بين التشريع و الفقة و القضاء،المجلة القانونية،المجلد٢٢،العدد٣.

شريف و حمد، محمد عبدالكريم،مريوان صابر(٢٠٢٤)العناصر الحديثة للنظام العام في القانون الاداري،مجلة قەلاى زانست العلمية،المجلد٦، العدد ٤.

شندي،د. يوسف(٢٠١٠) المفهوم القانوني للمستهلك،المجلة الشريعة و القانون،المجلد٤٤،العدد٤٤.

فضيلة، سويلم (٢٠٢٢)دور الضبط الاقتصادي في حماية اليات السوق، مجلة الدراسات الحقوقية، المجلد ٠٩، العدد ٠٢.

محسن و احمد، د. منصور حاتم و اسامة شهاب، نطاق التزام المنتج بتتبع منتجاته، مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية والسياسية، السنة الثانية عشر،المجلد١٢، العدد ٤.

محمدامين، د. بسمة،٢٠٢٤، الحماية الادارية للمستهلك، مجلة القانونية، المجلد ١٩، العدد ٥.

محمود، نسرين شريف عبد العليم،٢٠٢١،التشريعات والاتفاقيات الدولية المقيدة للاحتكار والممارسات الاحتكارية،مجلة البحوث القانونية والاقتصادية – المنوفية،المجلد٥٣، العدد٣.

DGCCRF (2001) Instruction générale du 13 décembre 2001 relative aux missions et à l'organisation des services. Direction générale de la concurrence, de la consommation et de la répression des fraudes. Available at: https://www.economie.gouv.fr. D.O.V.15/4/2025

Hayes, Adam., reviewed by Clarke, C., (2024) Consumerism Definition, Economic Impact pros & cons. Investopedia. Available at: https://www.investopedia.com/Defin.....D.O.V 5/2/2025.

Loi n° 78-22 du 10 janvier 1978 relative à l'information et à la protection des consommateurs dans le domaine de certaines opérations de crédit. Journal officiel de la République française, 11 janvier 1978,n 0009. https://www.legifrance.gouv.fr. .D.O.V. 20/3/2025.

MINISTÈRE DE L'ECONOOMIE, DES FINANCES ET DE LA SOUVERAINETE INDUSTRIELLE ET NUMÉRIQUE. Direction générale de la concurrence, de la consommation et de la répression des fraudes. Bilan d'activité 2023, https://www.economie.gouve.fr. D.O.V, 1/2/2025

Ministry of Transport and Communications, Kurdistan Regional Government (2022) Activity Report. Available at: https://www.gov.krd/moti/activie. D.O.V.2/2/2025

SignalConso (2023). Available at: https://signal.conso.gouv.fr. D.O.V.13/2/2025

کاروچالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و بازرگانی سلێمانی(٢٠٢٤)بەهۆی نەبونی ماڵپەڕێکی تایبەت بە کاروچالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکە، کاروچالاکییەکانیان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی بڵاودەکەنەوە لەم ناونیشانە:https://www.facebook.com/share/p/16EwiyDC3q/.D.O.V.20/4/2025 .

کاروچالاکییەکانی قائیمقامیەتی قەزای ڕانیە(٢٠٢٤)بەهۆی نەبونی ماڵپەڕێکی تایبەت بە کاروچالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکە، کاروچالاکییەکانیان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی بڵاودەکەنەوە لەم ناونیشانە.https://www.facebook.com/share/p/1BrkEawaej/D.O.V. 17/4/2025

بڕیاری دادگای تایبەتمەند بە بینینی داوا بازرگانییەکان لە هەولێر ژمارە ٣١/بازرگانی /٢٠٢٣، لە ٢٠٢٤/١٢/٢٥.

بڕیاری دادگای کەتنی سۆران ژمارە ٢٨/ک/٢٠٢٣ لە ٢٠٢٣/٢/٦.

بڕیاری ژمارە ١٧٣٥٢ لە ٢٠١٩/١١/١٠ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی/بەشی پشکنین و بەدواداچون/دڵنیایی جۆری.

بڕیاری ژمارە ٣٥٧ لە ٢٠٢٥/٥/٢٢ بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی ڕاپەڕین/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین.

بڕیاری وەزارەتی تەندروستی تایبەت بە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی کیسی نایلۆن ژمارە ١٢٩١٥ لە ٢٠١٩/١٠/١٥.

پەیرەوی نێوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

ڕێنمایی بەرهەمی دەرمانسازی/پزیشکی ژمارە ٩ی ساڵی ٢٠٢٣، وەزارەتی تەندروستی.

ڕێنمایی تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی هاوردەکردنی دەرمان و تەواوکەری خۆراکی و دەرمانی گیایی و پێداویستییە پزیشکییەکان ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٦، وەزارەتی تەندروستی

ڕێنمایی تایبەت بە چاودێری و بازرگانی لە هەرێمی کوردستان ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠١٢،وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی.

ڕێنمایی تایبەت بە ڕێکخستنی کۆگاکردنی خۆراک و کاڵا لە هەرێمی کوردستان ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٢٠،وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی.

ڕێنمایی تایبەت بە ڕێکخستنەوەی نرخ و ڕێژە و شایستەکان لە نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی کەرتی تایبەت ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠٢٢، وەزارەتی تەندروستی.

ڕێنمایی مۆڵەت پێدانی بەرهەمی گیایی و ڕووەکی سروشتی و شێوەی دەرمانسازی و قوتوبەندکردنی دەرمانی گیایی ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٩.،وەزارەتی تەندروستی.

ڕێنمایی هاوردە و هەناردەکردن لە هەرێمی کوردستان ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٢١، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی.

فەرمانی وەزاری ژمارە ٢١١٤ لە ٢٠٢١/٥/١٩ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی.

المبادئ التوجيهية الامم المتحدة لحماية المستهلك باللغة العربية،٢٠١٦، موتمر الامم المتحدة للتجارة والتنمية، نيويورك و جنيف.
یاسای پاراستنی بەکاربەری عێراقی ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٠.
یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩.
یاسای جێبەجێکردنی یاسای بەکاربەری عێراقی ژمارە ٩ی ساڵی ٢٠١٠.
یاسای کێبڕکێ و ڕێگریکردن لە قۆرخکاری لە هەرێمی کوردستان ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١٣.
یاسای ماف و ئەرکەکانی نەخۆش ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٢٠.
یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠١٠.
یاسایی پاراستن و چاککردنی ژینگە ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠٠٨.
یاسایی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠٧.

Code de la consummation(2016) (Ordonnance. no 2016-301 du 14 mars 2016, en vigueur le 1er juill. 2016).
code de la consummation(1993), créé en 26 juill. 1993.
Cour d'appel de Versailles, chambre 01 section 01. 2018. Arrêt du 9 novembre 2018, n° 17/02575..
Cour de cassation , Chambre commerciale(2000) Arrêt 14 mars 2000, n° 97-20.561.
Cour de cassation, Chambre civile 3,(2019) Arrêt du 17 octobre 2019, n° 18-18.469.
La loi municipale: commentaire de la loi du 5 avril 1884 sur l'organisation et les attributions des conseils municipaux. JOURNAL OFFICIEL,Le N: 35c. avec les supplements, seizimee-n96, Dimanche 6 avril 1884.
Liesbeth & Zon(2024) van de Grift and Koen van, The European Parliament and the Origins of Consumer Policy, European Parliament History Service, Members' Research Service ,no: PE 757.647.
LOI n° (96-142)du 21 février 1996 relative à la partie Législative du code général des collectivités
Loi n°78-22 du 10 janvier 1978 relative à l'information et à la protection des consommateurs dans le domaine de certaines opérations de credit.